

# گوڵە شیعرێک

## شیعر

پەری قەرەداغی

٢٠٢١

# ناسنامەی کتێب

ناوی کتێب : گوڵە شیعرێک

نوسینی : پەری قەرەداغی

بابەت : شیعر

پێشەکی : ئازاد پێنجوێنی

هەڵەچن : شوکر غەمبار

تایپ : ئاکۆ شارۆشی ، قانع هۆلان

دیزاینی بەرگ و ناوەوە : اکرم محمد

چاپ : چاپخانەی فرات

ساڵی چاپ : ٢٠٢١

تیراژ : ٥٠٠ دانە

نرخ : ( ٣٠٠٠ ) دینار

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان

ژمارەی سپاردنی (١٦٧٦)ی ساڵی ٢٠٢٠ ی پێدراوە

# سوپاس و پێزانین

**سوپاسی هەموو ئەو کەسانە دەکەم کە هاندەرو هاوکارم بوون لە ئامادەکردنی ئەم کتێبەم :**

- **شوکر غەمبار - شاعیر**
- **ئازاد پێنجوێنی - نوسەر و ئەکتەر**
- **قانع هۆلان - دەرهێنەر**
- **ئاکۆ شارۆشی - شاعیر**

- **پێشکەش بە هەموو خاوەن قەڵەمێکی ئازاد**
- **پێشکەش بە ئەوانەی دەجەنگن لە پێناوی ئازادی وسەربەخۆیی کوردستان**
- **هەموو ئەو بەڕێزانەی هاوکاریان کردم**
- **پێشکەش بەهەموو ئەوانەی بەڕۆح عاشق ئەبن**

- **پێشکەش بەهاوسەرەکەم کمال بەدران و**
- **کوڕو کچەکەم کاتیاو عەلی**



# پێشەکی

## گەڕان بە دوای وەرزیە شیعرەکانی خاتوو پەری قەرەداغی شاعیردا

### من خاتونێک....دەناسم لە وەرزی بەهاردا

بەردەوام تیشکی خۆری ..لە چاوەکانیدا هەڵگرتوە.بەکام ڕێچکەی جوانیەکانی ناو نزار و زنارێکدا هەنگاو بنێین.ئەو لەوێی یە..لە هەر ئاتشگایەکی ئەم سەرزەمینە ئۆقرە بگرین ئارامیەکانی ئەو لەوێن.گوڵانێک کە هەرگیز دەستەمۆوی مەردوم نابن ...بۆ ئەو بەردەوام دیلن لە هاناویدا.من خاتونێک ...دەبینم ...لە ئەندیشەی فراوانیدا..بروسکە ئاسا زایەڵەی دەنگی پڕ حەقیقەتە.من ئەو دەبینم جارێک ...بارانە و تاوێک خۆر هەتاوو ساتێکیش شنەباو...زەمەنێکیش شەوقی لالە....لە نێو هەناوی گوڵە شیعرێکدا ئەو لە دلێدا...شیعری پاراوی دڵانە...بۆ چاوی دڵ...لە ناخیدا.....هۆنینەوەی پەیڤی جوان وو ئارایشتگای خەونەکانە ...بۆ خەمی دڵ...

لە هزریدا...دەریایەکی بێ بن لە تێ فکرین وو...لە دەرخستنی جوانیەکانی گێتیدا....زەریایەک لە تێ ڕامان ..کە وەک ئاوە....لە چوارنیەکانیدا.....چوارچرای دەستی وو...ڕێگای ڕوناکی و پەند و فەلسەفەی ژیان بۆ تە دواویستگەی.هەنگاوەکانی بێ پەروایە.لە هەنسک و گریان وپاشانیش زەردەخەنە سیحراویە پڕ لە قەسیدەکانیدا....لێرەداداستانێک دخوڵقێ...چیرۆکێکی ڕاستەقینە دێتە بوون.مێژوویەک خۆی دوبارە دەکاتەوە و ......دەبێتە هەتوانی هەزاران زامی ئازادی بۆ مرۆڤایەتی ، ئەو خاتونە لە چاوی شیعرەکانیەوە چاوەکان دەشواتەوە و بینینی دورئامێز دەکاتە نسیبی کوێرەوەریەکان ، ئەو هەر چوار وەرزەی ساڵ ناوازە و بێ

وێنەیە.هەر چوار وەرزی ساڵ بارانی بەختەوەری بۆ هەمووان لە بیری فراوانیدا...دەبارێتە نێو ڕۆحە ماندوەکان.

کە چی لە ڕاستیەکانی وجودی بەردەوامی ژیانیدا جگە لە ئازار و هەناسەی حەسرەت بون و کۆڵێک خەم و دنیایەک هەنسک و فرمێسک هەڵڕشتن لە ناخیدا پەنگی خواردۆتەوە و بوەتە تابلۆیەکی هەڵواسراوی نەمری ..بە دیواری دڵی خۆیدا...لە وەرزی بەهاردا ....چاندنی تۆوی گوڵە شیعرێک وا دەکات شیعرە ناوازەکانی ...وڕکی لێ بگرن و...زۆری لێ دەکەن کە بۆ تاوێک لە ژێر ساباتی خەم و ...هەر خەم و....بێ وچانی نایەتە دەر...ئاخر ئەوە ئێمەین کە هەر وشەیەکمان وێناکراوە.لە ڕۆحی ئەو داوو..نوساوە بە بەریەخەی دڵمانەوە ....شاعیر زۆر جوان دەڵێت:

هەر شیعرێکم نوســـــیوە ئەشکی چاو و خوێنی دڵمە

لاواندنەوە و ئامێزی نـــــاخی پڕ گڕو پڕ کـــــوڵمە

شیعری من کوانوی جۆشداری دانە دانەی گەلی کـوردە

ناخی گەنجی خێر نە دیوو کیژی پڕ پەیمانەی مەردە

ئاخر ئەوە ئێمەین دێوانەی شیعرەکانی خاتونین تا ئەوەی لە مێژە زانیومانە ...ئەو لە ترۆپکی جوانی وشەدایە، ئاسمان لەم بەهاری تەمەنەی ئەودا ..لە ژێر سایەوو بۆن و بەرامی دنیایەک گوڵە نێرگزدایە، وا ئەم خاتونە ..دەگمەنە لەو بەهارە جوانەدا بوەتە سمبولی تەواوی شیعر و خوێنەرانی بێشک ئەو خاتونە ...جگە لە خاتو پەری قەراداغی شاعیر ئەبێ کێ بێت بێ گومان هیچ کەس....جگە لە خۆی ئای خودایە چەند بە جوانی لە ناخیدا ڕاستگوین و لە نوسینی شیعردا ناوازە و لە ئەندێشەیدا ...حەقیقەتێکی نەمر .ئاخر جوانی پەری قەرەداغی وەک ناخ و هزر و خامەکەی لەوەدا سەرچاوە دەگرێت ..کە پێی خۆشە هەمیشە ملوانکەیەکی زێڕین بێت و

**بە هۆنینەوەی هەر پەیڤێکی شیعرەکانی دەخوازێت لە گەردنی ئازادی و لە هەناوی عیشقدا ولە کچە چاو نەترسەکانی شەنگال و...هەموو ئەوانەی کە ئەم نیشتمانە یان خۆش دەوێت و نایفرۆشن و دواجاریش هەر ئەو ملوانکەیە بکاتە دیاریەک.لە بۆ هەوێنی دەزوی هەڵبەستێک لە شیعرەکانی وو وەک ڕەنگدانەوەی ئەشکی مرواریەکان ..پێش کەشی دایکی شەهیدانی بکات .. و ناوی لێ بنێت.**

## گوڵە شیعرێک:

**شاعیر هەموو بەیانیەک لەگەڵ دەرکەوتنی یەکەم گزنگی خۆرهەتاودا ....بە هاوڕێەتی شنەبایەکی ئارام چاودەبڕێتە ئنجانەی دڵی وو...بە چاوی دڵ دەڕوانێتە گوڵە شیعرەکانی ...ئاخر خۆی وتەنی هیچ شتێک بۆ ئەو دەوا و شیفا نیە تەنها گوڵە شیعرەکانی نەبێت.دواجاریش کە ئێوارە دادێ ..بەردەوام لە بەردەم دەرگای دڵی ئەو شیعرانەی هەر ڕاوەستاوە و ....هەر ڕاوەستاوە....ئاخر تەنها بە ئاوێتەی ئەوان ...ساتێک..ئارام دەبێت شەوانیش ...لە نێو خەونەکانیدا ...هەر وشیار و ...هەر**

**بە ئاگا لە هەناوی گوڵە شیعرەکانیدا ....ڕۆژ دەکاتەوە ...تا بە یانیەکی تروو...دیدارێکی تری بەردەم پەنجەرەی ژوری گوڵە شیعرەکانی .شاعیر هەمیشە ئاوایە ...بۆ ساتێکیش ئۆقرە ناگرێ غافل ببێت لە فرمێسکی چاوی باران.هەڵبەت ئەوە (پەری قەرەداغی )یە چەند بە جوانی و ناوازەیی ئەو گوڵە شیعریانەی گۆش دەکات وو...دوا هەناسەشی کە بۆ وەسیەت کردن هەر بۆ شیعرەکانی کردوە...کە بە گەڵا وو لقی گوڵ وو.... خۆڵی ناو ئنجانەی ڕۆح ..بە ڕێ ی بکەن ....بۆ دنیایەکی دی.. کە بەو مەرجەی گوڵە شیعرەکانی لەوێ بن ...دنیاک بۆ ئەوو کە وا دەخوازێ جگە لە چەپکە شیعر هیچی دی نەبێ**

**لە وەرزی هاویندا. دروێنەی گوڵە شیعرەکانی دەکات بە خامەی ئەندێشەکانی هەڵبەت ئەوە خامەو هزری شاعیرە کە وادەکات ڕەنگدانەوەی هەر شیعرێکی ببێتە گەرمیەکی ناخ هەژێن...وەک گەرمی ئاوێتە بونی عاشق و معشوق کۆپلە شیعری پەری ...وەک پەری ئاسا...تا نەهێتە بون ...عیشقی سەوز نایێ وو....نا کامڵ دەبێت هەر**

**بۆیە ...ئەوە خۆری گەرمی تین ئامێزە ..کە پێ ی شەرمە باڵ بکێشن بە سەر گوڵە شیعرەکانیدا، تا ئەوەی ئەو گەرمایەی ژیان نەیان ژاکێنێ شاعیر ئەوەندە بە ناز و عیشووەوە گوڵە شیعرەکانی دەلاوێنێتەوە...ئەوە تا لە پای ئەو دڵسۆزی و ئەندێشە فراوانە یدا ...گولێ شیعر دێتە قسە وو دەڵێت ...ئێمەی گوڵە شیعر هەر مرۆڤێک دەستمان بۆ بەرێت هەڵدەوەرین ...جگە لە پەری کە وەک پەروانە ...بە دەورماندا دێت و زیاتر شکۆڤەمان پێ دەکات وە دەکرێینەوە لە هیچ زەمەنێکدا وشک نابین.ڕوخساری پیرۆزی شاعیر ...لە وەرزی پایزدا لە وێنای گوڵە شیعرەکانی...ئاخر ڕوخسارێک دەڵێم کە بە ئاوێتەی نەرمە باران ...سەر و سیمایان بە تەواوی تەڕ کردووە...ئاوی ئەو نەرمە بارانەش لەگەڵ چەند دانە لە پەڕی ئەو گوڵانەی ..بە تەوێڵی ناوچەوانیدا ...دێنە خوارەوە و..دەڕژێنە ناو ڕۆحی تەڕبوی شاعیرەوە، کزەبایەک ...کە جوڵەیەکی خێرا بە هەموو دەوروبەر دەکات ...تەنها گوڵە شیعرەکانی خاتون نەبێت کە سەما دەکەن ..خامەکەشی...تاونا تاوێک لە سەر دڵی خوێنەران ....دوو گوڵە شیعری تر بەرهەم دێنن خاتونیش ...بە سەر وسیمای تەڕوو گوڵاویەوە گۆرانی ئازادی دەڵێت کە تێ کەڵەیەکە لە ئاوازی عیشق و ..یەکتر دۆزینەوە لە ڕێگای ئازادیدا..ئاخر خاتون خەمی هەرە گەورەی ئازادیەکی ڕەهایە لە بۆ نیشتمان ..خاک ....مرۆڤ .. پەرتۆک ، هەناسەی ئارامی ..تا دوایی ی...پەری لە ڕێگەی شیعرەکانیەوە یەتی ...زۆر لە مێژە ئازادی هێناوەتە بون ..بەڵام ئەو تەنیایە وو تەنیاتر لە وەی ...کە تەنها پشت و پەنای خامە ڕەنگینەکەیی و دەستە خوشکە کاتی شەنگال و ڕۆژئاوایەتی ئەو خوازیارە لە ڕێگەی بە دەست هێنانی ئەو ئازادیەوە هەموان ..باران تەڕیان کات..هەموان بتوانن وەک شاعیر گوڵ بن ..وەک گوڵێش بن تا دەبنە خاتونێکی پەری ئاسا..**

**لە وەرزی زستانیشدا چەپکێک گوڵە شیعری  و گەرم کردنەوەیان لە ناخیدا شاعیر لە دەریای بیر کردنەوەکانیدا ...هەتاوی ڕەنگ وو ڕوو سپی ..**

**لە سایەیدا...گوڵە شیعرێک دەڕوێت پرچەکانی بۆ شانە دەکەن وو دەی ڕازێننەوە.بۆ ئەوەی بەفر ئاسا ....بە ڕۆحێکی سپی ..هەنگاوو بەرەو باخچەی ژیان بنێت تا هەر شوێنیک ببێتە سپی پۆش ئێ بەڵکو ...بە هۆی دیدگایەکی ڕازاوەوە .سپی ..سپی سەردانی باخچەکانی دڵ بکات وو..هەر تینویەکی ئازادی و شیعر ...چنگیک بەفری سپی وو ..گوڵە شیعرێکی پێ بدات ...تا ئەوەی هەمووان وەک ڕۆحی شاعیر سپی بنوێنن و بۆ هەمیشە ئازادبن لە هەناوی چەپکە شیعرەکانیدا (پەری قەرەداغی)، گەر بڕوانیتە ئەو ڕۆحە پاکە سپی یەی چەندەها شیعری سپی و..نەوتراو ...دەبنە ڕەنگی هەمە جۆر ...چەند جوان دەڵێت..منی بێ کەس هەمیشە شیعرم بۆ بێ کەسی خۆم نوسیوە ....منی تەنیا وەک گوڵە شیعرەکانم بەردەوام ...هەناسەی تەنهایم هەڵکێشاوەوە باشترین دۆست وو ...باشترین پاسەوانی ژیانم هەر ئەوان بوون هەر ئەوان ...ئاخرئەبێ ئەوان کێ بن کە دواجاریش کە سەیری سیمای ماندوبون و شەکەتی جەستەی دەکەین...بە زووی دەزانین ..ئەوان ..واتە گوڵە شیعرەکان...ئاخر شاعیر ...هەمیشە لە خەونی گەورەدایە بۆ کۆرپەی ووشە نەوتراوەکانی ...تا ئەوەی ..وەک تابلۆیەکی دەگمەن لێیان دەڕوانێت وو .. ناویان لێ دەنێت ئاڤێستا خۆشی دەبێتە سروەی بەیانیان و ...قەسیدەکانیشی وەک پاڵتۆ ئاساکەی گۆگۆڵ ...دەبێتە فریادڕەسی ئەوانەی کە لەو سەرما و سۆڵە و شەختە بارانی نائومێدیە ڕزگاریان بێت ..لە بێ هیوایی.خۆ ئەگەر باسی ئیوارانی تەنیایی خاتونی شاعیر بکەین کە چۆن مەلە ئەکات لە نێو دەریای غەم و خەیاڵدا ئاواش باسی کامەرانی شیعرەکانی دەکەین کە چۆن بونەتە کەناری ئارامی بۆ ڕۆحی شاعیر.کاتێکیش کە تاریکی دادێت.ئەم هەر تەنیا و تەنیاتر بە دەم چەپک کردنی گوڵە شیعرەکانیەوە ...بە چاوی دڵ سەیری مانگ ی ئاوابون دەکات و ئەستیرەکان تەی دەکات وە لە تەواوی هەر چوار وەرزی ساڵدا..دەسکەنەی چەپکە شیعر و ..چەپک کردنی گوڵە شیعرەکانی ناخی وو تێ ڕامان بۆ دیوە جوانەکەی ژیان و سروشت.شاعیر لەو پەری تەنیایی و نائومێدیدا ...بەزایەڵەی دەنگی ئاوازی کۆپلە شیعرەکانی.چەخماخەی هەستی لێ دەدا...هەست و**

**نەست دەبنە گوڵ ، خەیاڵ دەبێتە لە دایک بونی گوڵە شیعرێکی تر.خونچەی شیعری خاتون دەپشکوێ و زۆر بە ئارامی شەونمی عەشق ... میهر و سۆز ..ئەوین..لە سەر پەڕەی دڵی هەوادارانی دەبارێنێ...تا دەبێتە وردە بارانی ئەو دیو پەلکە زێرینە دوا جاریش لە یەکەم هەناسەی شیعرەکانیدا ئیدی سەرتاپا خامە دەبێتە گوڵزاری شیعرێکی بێوێنە وو نەبیستراوو...لە ووشەی پڕ گڕو بڵێسەی دڵدا...کاتێکیش ...**

**هەر خوێنەرێک...ئاوێتەی شیعرەکانی دەبێت ئیدی ئەو لە ناو باخێکی گوڵدایە و...کانیاوی چاوە پڕ لە عیشق بونە کانیان ..دەتەقێ وو ..بە هەموو لایەکی جەستەدا بڵاو دەبێتەوە (پەری قەرەداغی )شاعیر ئەو خاتونە ماندونەناس و دنیای هەست و نەستی شیعر خوڵقاندنەیە.. کە من ئاوا دەیناسم.هەر بۆیە کاتێک شیعرێکی ئەم شاعیرە ...بە دڵ ئەزبەردەکەین یادمان دەبێتە یادی چوار وەرزەی شیعرەکانی پەری و یادێکی نەمری بۆ هەموو زەمەنەکان لە گوڵە شیعرەکانیدا. لە ناو ئەو زەمەنەشدا، دەبینە شێوەی پەروانە و هەنگ ..وە لە باخی یادەوەریەکاندا بە بێ دەنگی لەگەڵ خۆمان دەبین و بە هەر چوار لا دەڕوانین. گوڵە شیعر دەورەی داوین تا بۆ هەمیشە یادەکانمان قوڵتر بنوێنن حتمەن بە نوێنەرایەتی گوڵە شیعرەکانی**

**( پەری قەرەداغی )شاعیر دەگەین بەو یادە پڕ شکۆیە...ئاخر گەر دەتەوێت پەری و دواجاریش گوڵە شیعرێک بناسیت... دەبێت ئاوا یادی شاعیر بکەیتەوە دەنا هەرگیز گوڵە شیعرێکت بە نسیب نابێت لە گوڵە شیعرەکانی خاتون.**

**چەند ناوازەیە لە کۆتایی هەر گوڵە شیعرێکدا شاعیر چەپکێک گوڵە شیعری بە گەردنیــدا هەڵواسیوە و هەر بە ناوازەیش گوڵە شیعرێک ..وەک دیاری دەدات لە یەخەی هەمووان ، وە**

**لە سەر دڵی پیرۆزی ناوی لێ دەنێت ... گوڵە شیعرێ...**

**دواجاریش هەر لە سایە و سیبەری ئەوچەپکە گوڵانەیدا دێتە گۆو و دەڵێت:**

**منیش وەک خاوەنی پێشەکی گوڵە شیعرێک**

**دەڵێم...خاتونی شاعیر**

**هەر گوڵە شیعرێکت ئاوی حەیات و کانیەکی جاویدانیە بۆ هەتوانی مانەوەی ڕۆح**

**هەر پەڕەیەک لەو گوڵە شیعرانەت چرایەکی دەستی یە لە بۆ ڕۆشنایی تاریکای دڵ بۆ هەموان.**

**هەر چەپکێک لەو گوڵە شیعرانەت چێکردنی هێلانەی کامەرانیە لە بۆ ئێمە ...**

**تا ئەوەی پاساریەکان فێرمان بکەن کە چۆن لە تەک وشەکانتا فێری فڕین ببین.**

**ئەوە بەسە بۆ ئێمە کە گوڵە شیعرەکانت ..... هانمان دەدات نیشتمان لە ناو خۆماندا ..بپارێزین لە چەشنی گوڵ.**

**ئازاد پێنجوێنی**

**بەهاری ٢٠٢٠**

# هەست و سۆز

بەکام ووشەدای بڕێژم هۆنراوەی بەهەست وهۆش

تەزووی سۆزی وای لێ بکات بۆئەم گە لە بێتە جۆش

من دەمێکە دڵ سوتاو و دەردەدارم هەر دەڵێم

داخەکەم خاکی پیرۆزم کەکەوتەدەستی خاک فرۆش

بۆ ئەم خاکە چۆن نەناڵم، قوڕ نەپێوم هەر کەوا

درایە دەستی بێگانە نەماوە فەخرو شکۆش

سەد کەڕەت هاوارم کردو پێم وتن بەسیە ئیتر

پەری تاکەی هەرهاوارتە بۆچی بڕەنجێن لەتۆش

کوا قەدری خاک پەرستانیان لایە ئەم هەل پەرستانە

ئەوەی باسی خاک و ئاوکا بێ مایەیە و پوچ وبۆش

چاک و خراپ تێکەڵ بوە خاک بوەتە دۆزەخی ڕەش

دڵی نیشتیمان پەروەران قوڵ ئەدا چەشنی حەوجۆش

تۆبڵێی کاوەیەکی تر سەرهەڵ بدا لەم دەمە

تا بۆ ڕزگاری کوردستان مەردانە بێتە خرۆش

لێدا نەعرەتەی نەبەردی هەر وەکو شێری ژیان

ڕایبماڵێ دەستەی خائین گەندەڵان و گەل فرۆش

تا بزانن زوڵم و زۆریش باجی قورسی خۆی هەیە

سەری خۆیان نەوی بکەن وەک ڕووڕەشێ بیگرنە کۆش

*****

# تەمـــــەن

**لە دوا ساتەکانی تەمەن**

**کەوا مەرگ چاوەڕێمە**

**خەمیش بە رۆکم بەرنادا**

**لە ئەو دونیاش هەر هاوڕێمە**

**ئەڵێم بە فریشتەی گیان کێش**

**ڕۆحی سوتاوم مەکێشە**

**هێشتا زووە بۆ مردنم**

**گەلێ کارم وا لە پێشە**

**هێشتا لە کاروانی نوسین**

**هەزارخونچەی شیعرم پێ یە**

**نەمتوانیەوە بیان نوسم**

**لە سەرەتای ئەلف وبێ یە**

**مۆڵەت بدە چەندسالێ تر**

**بەڵکو بگەم بەئاواتم**

**گوڵەباخێک بابرۆێنم**

**ئەمجارە بدە نەجاتم**

*****

# کۆرپەی عەشق

**خەیاڵم بو کۆرپەی عەشق**

**ناوی لێ بنێم ئاڤێستە**

**بەڵکو ناوی لەسەر زاربێ**

**ئەو شەڕڤانەی خۆ نەویستە**

**با تێبگەن ئێمە کوردین**

**خۆشە ویستیمان چەن پیرۆزە**

**عەشق ئەکەین بە کوردانە**

**کوردستانمان بۆ ئازیزە**

**بۆیە  ئەم ناوەم هەڵبژارد**

**ناوی ئاڤێستە بمێنێ**

**هەرکات دوژمن ئەم ناوە ی بیست**

**ترس لە ڕویان دامێنێ**

*****

# گفتوگۆی نێوان کچ و پێشمەرگەیەک

**پێشمەرگە دەڵێ ئە ی جوان**

**عــاشقی بــالآتــم بــە گیان**

**بەس ناتکەم بەدەزگیران**

**تا سەرنەکەوێ کوردستان**

**وەڵامی کچ**

**ئەی پێشمەرگەی وەک بورکان**

**تــۆی عاشقی کــوردستان**

**پیرۆزکە ئە رکی سە رشان**

**دوایی بم کە بە دە زگیران**

**پێشمە رگە**

**ئــەی ئــازیــزی نازدارم**

**مــن ئــەڕۆم بــۆدیــدارم**

**چــاوەڕوان مــە نیشتمان**

**ئەگرم ڕێگای بەرخودان**

**هەتا مەرگ یادت دەکەم**

**ڕۆژێ دێ شادت ئەکەم**

**وەڵامی کچ**

**ئەی پێشمەرگەی ڕێگای دور**

**خـۆشە ویستی گیان پـڕ نور**

**خـۆشەویستی نــاو دڵــم**

**پـارێـزەری گشت سنور**

**تـۆنـەبـی ئـەم وڵاتـە**

**دوژمنمان دەیکاخـا پـور**

*****

# ئێمە و ئەوان

**ئێمەویستمان مانگی ئازادی ووڵاتمان لەتاریکی دەربهێنین**

**ئەوان وویستیان دەنگی حەق و دەنگی ڕاستی بخنکێنن**

**ئێمە وویستمان لەم ووڵاتە باخی خۆش بەختی برۆێنین**

**ئەوان وویستیان ئەوباخچەیە بەگڕی قین بسوتێنن**

**ئێمە ویستمان چینی هەژاروو چەوساوە  وەکو یەک بێ**

**نەک ڕووڕەش و کینە لە دڵ نەمانی ئێمەی گەرەک بێ**

❊❊❊❊❊

# عەشـــــق

من تەنها بەقومە شەرابێک

دەست نوێژی عەشق هەڵدەگرم

قیبلە کەشم نیگای تۆیە

بۆدڵی تۆسوجدە ئەگرم

تا لە دەواری دڵتدا ئەبم بەڕێکخەری ترپەی

سۆزو ئەوین ئەبن بەمەشخەڵی شۆڕش

ئەبن بە بڵێسەو کڵپەی

ئەبم بەبارانی پەڵەی پایزی ساڵ

لەنێو دڵت

یان ئەبم بە بای شکۆفە

لەنێو باخی خونچەی گوڵت

پێت ناڵێم خۆشم ئەوێی

وەک جەستەی سوتاوی گەرمیان

ناش ڵێم خۆشم ئەوێی تانەگەمە

لوتکەی ئەوین

تابتوانم بەیەکجاری

ترپەی دڵم لەگەڵ ترپەکانی دڵت یەکسانن

ئەوسا لەسەرگەڵای گوڵێک بۆت ئەنوسم

**عاشقتم بوومە دەروێشی خانەقا**

**ووشەی زارم خۆشم دەوێیت**

**لەنوێژێکی جێ ژواندا**

**سوجدە دێنم بۆخواوەندی یەک پەرستی**

**بەیداخی عەشقم هەڵدەکەم لەقەندیلی**

**بەرزو ئارام**

**نامەی شاری گەرمیانەکەم ئەدەمە**

**شنەبای پاییز**

**تابیگەنێتە دەستی دڵدارێکی کرماشان**

**تێیدا نوسراوە**

**یارەکەی کرماشانم من سوتاوو تۆ ڕوخێنراو**

**نوێ دەبینەوە لەگەڵ ژیانەوەی بەهار**

**کاتێک کەشۆڕشگێڕێک**

**لەوێنەی مام**

**لەسەفین وقەندیلەوە بێتە خوارێ**

**ئەوسا ئاهەنگی خۆشەویستی**

**ئەگێڕین لەچوار پارچەی کوردستان**

**پەیکەری خۆشەویستی بۆتۆوکوردستانم**

**دای ئەنێم لەبەرزی گردی دەباشان**

**خۆشەویستم خۆشم دەوێی**

**دوای خۆشەویستی کوردستان**

❊ ❊ ❊ ❊ ❊

# ڕاهیبەی عەشق

ئەبمە ڕاهیبەی عەشقی تۆ
لە کڵێسە تۆبە دەکەم
لە پەرستگای عاشقاندا
چاوە کانتە ئەی قیبلەکەم
بە کەلتورەوە بەند کراوم
نازانم چۆنت پێ بگەم
ووتی ئەی یار لە سەر دینی
مەسیحایە مارەت دەکەم

❊❊❊❊❊

# نـــــــازانـــــــم

**گوڵم هێندە تۆم خۆش دە وێ**

**زیاتر لە خۆشە ویستی**

**ناوی لێ بنێم عە شق**

**ئە و پێ ی بڵێم تۆ پە رستی**

**خۆشم دە وێی زیاتر لە خۆم**

**وە ک هە وا بۆم پێویستی**

**دە ساگیانە دڵنیا م کە**

**تۆش بە هە مان شێوە و هە ستی ؟**

❊❊❊❊❊

# ڕۆژ

**لەو ڕۆژەوەی خۆشم ویستی**

**ئامێزت نیشتمانمە**

**سرودی خۆشم ئەوێی**

**ئاوێتەی ڕۆح و گیانمە**

**لە ڕەنگی چاوە کانی تۆ**

**ئالآی وولآت دروست دەکەم**

**ئە وڕۆژەی کە دێیتەوە**

**بەرزو پیرۆز ڕای دەگرم**

❊❊❊❊❊

# بۆ شەهیدانم

هێشتا ناخم هەست وسۆزی

شۆڕشی جارانی هەس

یەک یەک وشە و هونراوەم

بۆنی پارتی زانی هەس

هەموشەویٚ بە دیار وێنەی

شەهیدان ڕادەمێنم

مەلی ڕۆحم لە داستانی

ڕزگاری دا دە فڕێنم

سۆراخی تەرمی شەهیدان

لایدەشت و کۆ باسەکەم

دەردە دڵی ئەم ڕۆژگارە

لەگەڵ خۆم خەلاسە کەم

**بۆ قارەمانی ئەشکەوتی داری**

**خلەی گەرمیانم**

**پارتی زانی و لانە شێری**

**یەکێتی نیشتمانم**

**بۆ مەلا ئەحمەدو دەستەکەی**

**شکۆیە هۆنراوەم**

**بۆگیانی خالید گەرمیانی و**

**ڕۆحی هەموشەهیدانم**

❊❊❊❊❊

# قەنارە

**قەنارەی مەرگ بووە ملوانکە**

**بۆشۆڕشگێڕانی شاخم**

**کەچی هەر ناکوژێتەوە**

**گڕی خۆشەویستی ناخم**

**بۆبەشداری شۆڕشی نوێ**

**دڵ پڕ لە حەسرەت و داخم**

**بۆ تۆڵەی شەهیدەکانم**

**چەکی شەرەفە لەشانم**

**چاوی ئومێدم هەرلێتە**

**ئەی گەرمیانی بوکی جوانم**

**مامە ریشە لە ئێوە بوو**

**ئێوەش  وابن براکانم**

**بە داستانەی مێژووی هەژاند**

**تۆماری بکەن داستانم**

**بەیادی ڕۆژانی پێشوو**

**بەدڵ زۆر بۆی پەرێشانم**

**دەی کوڕەکانی گەرمیان**

**ئەی شێرەکانی مەیدانم**

**شەهید تۆ هەرگیز نامری**

**پاسەوانی بەئەمەکی نیشتمانم**

**ئەو دروشمەی هەڵتکردووە**

**یان کوردستان یان نەمانم**

**لە دواساتی نائومێدی**

**شەهید هەژاری گە رمیان**

**ڕۆحی بە خشی بۆکوردستان**

**نە کشایەوە لە مەیدان**

❊❊❊❊❊

# شەوی دووری

ئە م شە ویش لە بێ تویدا

چە تری غەمم هە ڵداوە

چرکە کان دە بن بە کات و

کاتیش دە گە ڕێتە دواوە

گوێ یە کم لای موبایلە

گوێ یە کم لە دە رگایە

نە وە ک زە نگ لێ دە ی

خە و بە چاوم نایە

تۆپێم ناڵێ ی چ سحرێکە

کە وا لە نێوانمان دایە

کە نزیکی شە ڕمان کۆتایی نایە

کە دووریش بڵێسە ی عە شق

لە ناخمایە

❊❊❊❊❊

# بانگی ئازادی

گۆڕێکی قووڵم بۆ هەڵکەنن

نەوا رۆحم بە ئاگابێ

لە دەنگی هاواری شارم

بۆ ئازادی کە بانگ بدرێ

من لە گۆڕیش چاوەڕوانم

مژدەی ئازادیم بۆ بێ

لەوانەیە لەخۆشیدا

رۆحم بە بەردا بکرێ

بێمەوە شار چۆپی بگرم

کە کەرکوکم لەداگیرکەر رزگاربێ

❊❊❊❊❊

# نـــــــــەزر

بۆ هاتنت ئازیزەکەم

کردمە نەزر چاوە کانم

شادبمەوە بە دیدە نیت

با نابینا بم لە ژیانم

ئیتر چی هەیە شیرین تر

لە چاوم بۆبینینی بەرزی باڵات

گەر دەڵێی ڕۆح

ڕۆحم پەیوەستە بە نیگات

گەر دەڵێی دڵ

دڵم لە سینگم دەرچوە

دیارییە لات

بگەڕێوە شەڕی

تەنیایم پێ ناکرێ

ڕۆحم دەرکە بەدەستی خۆت

با عەزابم کۆتا بێت

❊❊❊❊❊

# ژووان

ئەوکاتەی ماچ لەگەڵاو ڕوحی گوڵ ئەکەم

ماچەکانم هەستی دڵەو

بۆجوانی سرووشتی ئەبەم

ئەوکاتەی ڕوومەتی کیژۆڵەکەم

بەماچ ڕەنگی ئەکەم

هەستی دایکایەتیم

بەماچ دەرئەبڕم

ئای ماچ چەند جوانی

گەیەنەری سۆی

دایک بۆرۆڵەکەی

هێمای دەروازەی خۆشەویستی

بۆعاشق و مەعشوقەکەی

هەربژی یەکەم ماچی

ژوانی پڕ نەهامەتیم

بۆچی لەیادمی هەمیشە

ئازارم ئەدەی

*****

# لەقەندیلەوە

حەمرین دایکی نیشتمانم جێی هێزی خۆبەخشانی
قەندیل قیبلەی کوردستانم بەهەشتێکی پڕلەجوانی
گەرمیانم لانەی شێرانم جێی ئارامگەی شەهیدانی
عەشقی من بۆپێشمەرگەیە سەرساسم بەداستانەکانی
خۆشەویستی لەڕۆحمایە بۆگەریلاو بۆ شەرەڤانی
چاوانیشم پڕ ئەسرینە تەمەن ڕۆی بەچاوەڕوانی
کەی کەرکوک دەگەڕێتەوە بۆ باوەشی نیشتمانی
عەشقم بۆخاکی کورستا ن هەمیشە نوێ ئەبێتەوە
ئەم ڕۆژی من ئەوکاتەیە شۆڕشێ نۆێبیێتەوە
دڵم وەک ئاگری نەورۆز بلێسەی دێ و ناکوژێتەوە
عەشقی من بەبێ کۆتایە قەستەم بەوکاتەی دێیتەوە
عەشقمان دەبێت بەوانە لەقوتابخانە دەوترێتەوە
بۆئەوەی نەوەکان فێربن عەشقی ڕۆح بیر ناچێتەوە

بڵاوکراوەتەوە لە گۆڤاریترووسکە ژمارە (١٦٨)

# بەند

بەندم مەکە کاکی ڕاوچی بۆچی بۆ

پێم بڵێ بەندی ئەم باڵە چی یە هۆ

وەرە با بۆ شادی هەردوو بخوێنین

ئازادییەک بۆ ئەم گەلە بسێنین

ئەمن شینم بۆ بەندەنە بۆ کێوان

بەنەفرەت بێ ژینی ژێر دەستە بۆنان

ئەم کەلەبچە مەرهەمە و نەبەردیە

ڕاستیان فەرموو نۆکەری نامەردیە

❊❊❊❊❊

# شەوی دووری

ئە م شە ویش لە بێ تویدا
چە تری غەمم هە ڵداوە
چرکە کان دە بن بە کات و
کاتیش دە گە ڕێتە دواوە
گوێ یە کم لای موبایلە
گوێ یە کم لە دە رگایە
نە وە ک زە نگ لێ دە ی
خە و بە چاوم نایە
تۆپێم ناڵێ ی چ سحرێکە
کە وا لە نێوانمان دایە
کە نزیکی شە ڕمان کۆتایی نایە
کە دووریش بڵێسە ی عە شق
لە ناخمایە

*****

# غەم

ئەی غەم کەی  ماڵ ئاوایی

لەرۆح و دڵم ئەکەی

پێکەنین لە جێگەی خۆت

بە منی سیاچارە ئەدەی

لە شەوانی درێژی زستان

بە ژووری تەنیایی شیعرم دەسپێری

تا لە دوا کاتەکانی تەمەن

لە کێڵگەی هۆنراوە دا

پێکەنینێ بەجێبێڵم

گەر جێم بێڵی

❊❊❊❊❊

# هاوار

خۆشەویستی یەک خۆشم دەوێی لەشیعریشا باس ناکرێ

ڕۆحم هێندە شەیداتە بەووشە پێناس ناکرێ

مەلی ڕۆحم پەراگەندەم هەمیشە هەربۆلای تۆدێ

گۆێ لەهەرنەوایەک دەگرم لەهزرمدا سەدای تۆدێ

لەمیحرابی چاوەکانت داوای جوانی لە خودا ئەکەم

بۆنوسینەوەی ئەم عەشقە لەفەرهەنگان گەدا ئەکەم

هێندە ئارەزووی ئازادیم کەشۆڕشێ بەیان ئەکەم

من کچی شاری بابانم نەفرەت لەشاو سوڵتان ئەکەم

لەگەڵ شیعرا ئاوێتەم و بەو هۆیە وە ژیان ئەکەم

بەنوسینی ماچە شعرێک بەرامەی ژیانم جوانکەم

*****

# شەرابی غەم

هەرپێ یان گوتم شیعرە کانی تۆ
بۆچ بۆنی مە ستی و شەرابی لێ دێ
سەرپاکی شیعر و وشەوسەردێرم
باسی دوری و سەرابی لێ دێ

بەڵام  گیانە کەم ئەوان نازانن
ئە من کەمە ستم بە شە رابی غە م
لەو ساتەی تۆ والە من دووری
غەم ئاوێزانە لەگەڵ ئەم جەستەم

نە جێ ژوانێکم لەگەڵا بەستی
بۆ تەنها جارێکیش نەهاتی بۆلام
هە موو ئەوینت بۆم بوو بە خەیاڵ
ئەی پاشای هەستم سەرچاوەی ئیلهام

❊❊❊❊❊

# سوڵتانی دڵ

لەو کاتەوەی لێم بێ ئاگای

من چرکە بۆ مەرگ دەژمێرم

سێبەرە کە شم لێ بووە بە تۆ

هەمیشە ناوی تۆ دێنم

ئەی سوڵتانی ڕۆح و دڵم

هۆگری سۆزی عەشقی تۆم

گەر ئەمجارە گەڕایتەوە

سوجدە بۆ خوای عەشقت دەبەم

من ناتوانم لە یادت کەم

هەمیشە میوانی هەستمی

هەموو وشەم هەر بۆ تۆیە

هەوێنی شیعر و هەڵبەستمی

بڵاوکراوەتەوە لەڕۆژنامەی هەواڵ

❊❊❊❊❊

# دەتهۆنمەوە

ئەوینی تۆ  بارانێکی لەناکاوە ....

باری بەسەر کێڵگەکانی هۆنراوەمدا

ئەگەر تەمەن مەودام بدا

دەتهۆنمەوە ....

دەتکەمەوە بە هەوێنی

دێڕە شیعرەکانی دڵم

کە لەزەوی

ئەوینمدا تازە تازە

پەڵەی داوە ....

❊❊❊❊❊

# ئـــامێـــــز

خۆشەویستم

پەلە بکە لە هاتنت

بۆبینینت بە پەرۆشم

پێکێ شەراب بخۆرەوە

لە لێوانی ئاڵ وگەشم

سەری مەستت

بۆساتێکیش بخەرە

نێو باوەشم

با لە ئامێزدا

بدەم هەناسەی

پڕ لە حەسرەتم

ئیتر خۆت بەڵێن

ئەدەی  بە یەکجاری

نارۆیتەوە

نیشتمانم خاکی دڵتە

شۆڕشی بۆ دەکەیتەوە

❊❊❊❊❊

# هەور

خۆزگە دەبوومە هەورێ
دوور ئەبووم لە وڵات
لە ئاسمانەوە دەمڕوانی
دەبوومە بارانی خەڵات
بارتەقای گریانی ئاسمان
باریوم بەسەر سینەم دا
هیچ سوودێکی نەبوو خەڵکە
هیچ نەگۆڕا لەم ژینەم دا
زامی دڵی عاشقان بووم
ئەو مەرهەمی لە برینم دا

*****

# خۆشم دەوێی

**زۆر شێتانە خۆشم ویستیت**

**تۆ نرخی دڵمت نەزانی**

**هەر نەتزانی مانای چی یە؟**

**بە جێتهێشتم بەئاسانی**

**دڵم وەرە با پێت بڵێم**

**گشت مانای بڕگەکانی**

**خۆ/ خۆشم دەوێی**

**وەک ڕۆحی خۆم**

**بۆت ئەسووتێم**

**هەر وەکو مۆم**

**ش/شەیدایە و شۆڕشی ئەوین**

**بە دروشمی یا بۆ یەکین یابۆگلێین**

**م- موورادە مە حاڵە بۆ یەک نەبین**

**دە- دەستم بگرە بەری مەدە**

**لە خۆر هەڵات تاخۆرنشین**

**بەسۆزەوە بۆم بڕوانە**

**پێشکەشتکەم**

**گشت خۆشی ژین**

**وێ- وێڵم و سەرگەردانم بێ تۆ**

**بێ مانایە ژیان بێ تۆ**

**ی/یەکجار مرۆڤ عاشق ئەبێ و**

**بەگڕی عیشق ئەسوتێ**

**کە بۆ مەعشوقەکەی نەبوو**

**بەشێتۆکە ناوئەبرێ**

*****

# هەوارگەی دڵان

شیعـرەکانم بیـرت ئەکەن

وشـەکانــم لـە گــریانـن

لەو رۆژەوەی ئەم بی نیوی

غـەم و ئازار لام میـوانـن

بـگەرێ وە هــەواری دڵ

با نەبێت بە کەلاوەی چۆڵ

ئەی نازانی هەست وسۆزم

بە نـەبـوونـت پـەرێشـانـن

لە بـێ تۆیـی زۆر ئـەتـرسـم

دڵـم تەنیـا تـۆی تیـامـاوە

دە تۆش وەرە جێم مەهێڵە

دەورووبەر لێم بە گومانن

خـۆشەویستی بۆمن تەنهـا

غـەم و ئـەشکی بـێ کـۆتـایە

وەک پـەپـوولـە چـاوەکـانـم

بەحەسرەتـی گـوڵـی جوانن

خـۆشیـم نەدی لەم سـەرابە

ئەی کـوا ئەڵێـن بەهار هەیە

**وەرزە کانی تەمەن بۆمن**

**هەتا ئێستا هەر خەزانن**

**دڵ چی ئەوێ لەم دۆزەخا**

**تەنها کەمێ سۆزی باوەش**

**ڕازی دڵ و ئەشکی خوێنین**

**دەپێم بڵێ کەی ژووانن**

**بم لاوێنە بابێمە جۆش**

**دڵ بووخچەیە غەم ودەردە**

**لە نێو سینەمدا پەنهانن**

**دوو ڕێبواری بەیەک نامۆین**

**لەم سەفەرەی ناوی عەشقە**

**دڵە کانمان کوا وەک خەڵکی**

**بە یەکەوە ئاوێ زانن**

**بەڕێکەوتیش بە یەک ناگەن**

**لەهیچ کووچەو کۆڵانێکدا**

**وەک دوو مەلی لانە شێواو**

**پەراوێزی دارستانن**

**بڵاوبۆتە وە ڕۆژنامەی هەواڵ نیوز ژمارە ٧٤٤**

**لە لایەن جێگر خۆشناو کراوە بە گۆرانی**

# دڵی کوردستان

لەگوێم ناڕوات هیچ کاتێ

دەنگی شێرەکەی گەرمیان

داستانی پێشمەرگەو

هەواڵی شاخی ئەگەیان

ئای ئەوزەمانە چەند خۆش بوو

دەنگی تۆ شۆڕشی ئەوینی،لەناخما

هەڵئەگیرسان

دڵمی سەندوو دای

بەدڵی کوردستان

*****

# سەماکار

سەماکارێک لەسەر تەختەی شانۆ

بەچاوی گریانەوە

بەدەنگێکی پچڕاوی

هەنیسک دانەوە

دوای تەواو بوونی سەما

هاواری کرد

من سەما دەکەم لە یانەی

شەوانە بۆ ئێوەی

سەرخۆش و مەست بوو

بە جووڵە و لەرانەوە

بورووژێنم ئەوانیش

پێم دەڵێن سۆزانی

خەمخۆرێکی نیشتمان

وەڵامی داوە و گوتی

نەخێر تۆ شاکاری

سەمفۆنیای جوانی

ئەوەی وڵات دەفرۆشێ

**بە دوژمنانی**

**ئەوە بەڕاستی**

**سۆزانی**

**پاشایەک ئامادەبوو**

**بینی کە چۆن سۆزانی**

**دەگرێت بۆ**

**خاک و نیشتمانی**

**زۆر سەرسامی بوو**

**بانگی کرد بۆ دێوەخانی**

**گوتی سەماکاری پاشا**

**پێت دەبەخشێت سەروەت و**

**سامانی**

**ناوت دەگۆڕێت**

**بۆ دۆستی شا و**

**دڵسۆزانی**

**سەماکار وەڵامی داوە**

**گوتی پاشا**

**تۆ دەزانی**

**بولبولی بەندکراو**

**دەخوێنێ**

**زۆر بەجوانی**

**من لە کۆشکی تۆ**

**لە بیرم دەچێت سەما و**

**واتاکانی**

**شا فەرمووی ئەی**

**دۆستی من**

**تۆ و بولبول پەیوەستن**

**بە جوانی**

**داوات چیە بیکە بێغەم**

**دڵسۆزی شا**

**بەنازە وە**

**چریکانی**

**ئازادیم دەوێت**

**بۆ گشت کەسانی**

**زیندانی**

**دەست وپەیوەند هاواریان کرد**

**بوەستە ئەی**

**سۆزانی**

**پاشا وەک شێر نەڕانی**

**هەمووتان داوای لێبووردن بکەن**

**لە دڵسۆزەکەم**

**بەیەک دەنگ گشتیان گوتیان**

**ببورە پەشیمانین تا سەر**

**ئێسقان**

**پاشا بڕیاری دا**

**جاڕبدەن بەگشت شارانا**

**لەسەر داوای سەماکار**

**ئازاد ئەکرێن گشت**

**زیندانیانی وڵات**

**بۆ ئەویش جوانترین خەڵات**

**لە رۆژەوە دڵسۆزەکەی شا**

**بوو بە باڵادەست لە**

**کۆشکدا**

**هەمیشە دڵسۆزانی**

**خۆشیان دەویست و**

**بەدەوریدا**

**هەر فەرمانێکی بکردایە**

**جێبەجێ دەکرا**

**دوای مەرگی شا**

**وەسیێت نامەیەکی**

**بەجێما**

**کە بینرا تێیدا نووسرابوو**

**لەپاش مەرگم دڵسۆزی شا**

**با تاجەکەی من لەسەرکا**

**سەماکارەکە بوو بە پاشا**

**باشترین پاشای سەردەم بوو**

**لە دونیا**

❊❊❊❊❊

# ژان

من و دڵ و نیشتمانم

وونین هەرسێکمان شێتانە

یەک دەگرین من جارجار

دە بۆلێنم بە سەر دڵی

مشتێ لە خوێن

دە ڵێم بوەستە لە لێدان

من نامەوێ ژینی پڕ ژان

جارجارێکیش هاواردەکەم

بە سەر خاکی نیشتمانا

دەڵیم تۆ زۆر تینوی

خاکی باوان کەی تینوێتیت

ئەشکێ بە خوێنی لاوان

کێم ماوە پێتی بدەم

بۆ ئەوەی دەرت هێنم

لە چنگی دوژمنی نەزان

چەند پێشمەرگە و

چەند گەریلا و

**چەند سەرۆک**

**دەبەی بۆ خۆت**

**ئەی کوردستان**

**تۆی گۆڕستان**

❊❊❊❊❊

# نیشتمان

کە دەگەڕێم بە چواردەوری

قەراخ شار

پڕ لە گۆڕی شەهیدانە

چاوەکانم وا کوێر دەبێ

هەموو ڕۆژێ لە شیوەنم

زمانیشم وا لاڵ دەبێت

هێندە بڵێم

ڕۆ ڕۆ شەهیدانە

ئەی نیشتیمان دڵگرانم

وادەت بینم زۆر بێ نازی

ئیتر دڵسۆزی

شک نابەم

بۆتۆ

تا ئاواتی پێ بخوازی

ئاڵاکەت ڕەنگی گۆڕاوە

لە ناو جەرگەی دڵی تۆدا

هەڵنەکراوە

**دڵم دێتە گۆ**

**دێتە گڕ**

**وەک گڕەکەی بابە گوڕ گوڕ**

**دەڵێ هیمەتێ کوردینە**

**با نەسوتێم لە غەمی**

**خاک و ئاڵا و سنور**

**منیش دەڵێم ئەی**

**دڵ وەرە هاوپەیمان بین**

**دەربچین لە خاک**

**دەستی شیتە بگرین و**

**بڕۆین بێ باک**

**عەقڵم دەڵێ**

**بوەستە دوا سنور**

**دەریاکە بێ ئامان**

**لە ناوتان دەبات**

**تۆش و شیتە**

**دەبنە خۆراکی**

**ماسیەکان**

**بێ چارە دەوەستم**

**دەڵێم**

**ئاخ نیشتمان**

**ئیمە وونین**

**ئەی کوردستان**

❊❊❊❊❊

# خەڵوەتگە

ئێرەخەڵوەتگای عەشقتە یادت ئەکەم
ئەبمە دەروێش زیکری ڕۆحی شادت ئەکەم
یا ئیلاهی چی عەشقێکت پێ ناساندم
یەک پارچەیی دڵ و جەرگت پێ سوتاندم
دەریایەک ئەشکی پڕ ژانت پێ هەڵڕشتم
دارێکی ڕیشە کێشراوی بێ ساو پشتم
ڕێبوارێکی سەرهەڵگرتووی ئەوینی تۆم
ڕێگام هەبێ هەتا ماوم پەرژینی تۆم
یادەوەریت لام پیرۆزە تاقە گوڵم
یاسینی مەرگی عەشقت دێ لە نێو دڵم
سەدای عەشقت پەرێشانم دەکا مەڕۆ
سەفەری تۆ پڕ لە ژانم دەکا مەڕۆ

*****

# بریــن .....

لێم دەپرسن کام برینەت سەختە هاواری

بۆدەکەی

زامەکەی قـوڵ و بەسۆیە شیـوەن و زاریی

بۆدەکەی

من دەڵێم جەستەی خاکەکەم سەراپا گشتی

بـرینـە

لەهەر شوێنێ خوێنێ برژێ چاوانم بۆی پڕ

ئەسرینە

مێژووی داستانی نیشتمان پڕ ئەفسانەو

گڕوتینە

جوانترین خاکی جیهانە بەخوێنی ڕۆڵەی

ڕەنگینە

کوانێ شەهید ئارامەکان کە من بۆیان بێ

ئارامم

بەجان بازی کچانی کورد ئەمن هەمیشە

سەرسامم

**مێژوی جەنگی گەلانم زۆر خوێندۆتەوە**

**ئەلەم ژینە**

**دڵنیابە هیچیان وەکو مێژووی گەلی**

**کوردم نینە**

**بە ژمارەی ئەستیرەکان خوێن ڕژاوە بێ**

**دەربەستی**

**من دەمەوێ بخەوم تا خەون ببینم بۆ**

**سەربەستی**

**سکاڵای دڵ لای کێ بکەم جانی جانان**

**وادەی مەرگە**

**کوا وەڵامێک بۆ دایکان و ژن و منداڵی**

**پێشمەرگە**

**نوکی خامەم ئەشکە ڕێژێ بۆ مندڵی کۆرپەی**

**عەفرین**

**ئەم فتوایە لەکوێ وە هات کوشت و بڕین**

**لەکامەدین**

**لەهەر چوار پارچەی نیشتمان گوڵی ئازادی**

**ئەچێنم**

**چەپکی دەکەم بۆ سەر گۆڕی شەهیدانی گوم**

**بوی دێنم**

**لە ژێر دروشمی سەرکەوتن خەبات دەکەین و**

**ناخەوین**

**تاچوار پارچەی کوردستانم یەک نەگرێتەوە**

**ناسرەوین**

❊❊❊❊❊

# هایکۆ

دوێنێ لەگەڵ ژوانی شیعرێکابوو

بۆ ماڵئاوایی ڕۆشت

بەکر پشدەری

.............................

پۆلێ هەنگ ،

پورەیان بەست ;

شیعرێکی کتوپڕ .

.............................

باڵندەیەکی کۆچەرییم،

سەرێکم گەرمیانە و سەرێکم کوێستان .

لە نەوەی پەڕەسێلکەم!

❊❊❊❊❊

# نائومێدی

خــودا من دەستم نــاگاتــه ئــاسمان

بـەس ڕەحمەتــی تۆ ئـەگاتە زەوی

نامەردگەیشتەسەروی کەشکەلان

مەردو خانـەدان لوتیان بۆ نـەوی

چــی چەتـەو دزو خــائین و پیسە

گیرفان پڕ ورگ تێرملیان بوقەوی

کــن فــەیەکــونــێ بدەسەریــانـا

لــەنــاویان بەرە وەک و پـەهلەوی

*****

# نیگـــا

خـەریکە شێتی ئـەم گریَ بێم و بدەم لەدەرگاکەت

جارێکی تـر بکەومەوە داوی عـەشقی نێونیگاکەت

کـە هاتـم تـەماشام بکە بـەوچاوانەی لێی بیَ بەشم

بمناسەوەوە کو جاران بەدڵ غەمگین وبەرگ ڕەشم

مەتـرسە لەچاوی بەدخوو هاتـم وەکوسواڵ کـەریَ

ئەڵێم ئاخ ئەم هەژاری یەخوائەم زوڵمەم لیَ لابەریَ

نـەڵـیَ ی بـڕۆ خوا بت داتیَ زۆرم داواکـرد لەخودا

ئـەگـەر بڵێی لێم ببورە ئـاگـرلـە جەستەم بەرئەدا

*****

# گوڵی ژاکاو

خۆشەویستی کەی ئاوایە

هەموو رۆژێک دەمگرێنی

بە ڕەفتاری شێتانەی خۆت

گوڵی عەشقم ئەوەرێنی

وا بێزار بووم

ئیتر دڵم عەشقی تۆ

ناگرێتە خۆ

بریارم داوە جارێ تر

زمانم بۆت نەیەتە گۆ

بانگت بکات خۆشەویستم

بەتەنها جێم مەهێڵە و مەڕۆ

تەماشاکە چۆن گوڵی ئەوینم

ژاکاوەو بێ ڕەنگەو بێ بۆ

❊❊❊❊❊

# سەما

**ڕۆحم پەروانەی باڵاتە**

**لە دووی سەرت ئەگەڕێ**

**بە ئەسپایی ماچی**

**خۆی کرد**

**لە لێوانی ئاڵو تەڕێ**

**هاتەوە ڕۆحی شێواوم**

**وا لێرە سەما دەکا**

**بۆ جێژوانێک**

**نازانێ چۆن**

**خۆی ئامادەکا**

❊❊❊❊❊

# مام

**زۆر شۆڕش گێڕ**

**گیراو لە سێدارە درا**

**لە دوای ئەوان**

**چەندین شۆڕش گێڕ**

**هاتە مەیدان**

**تەنها دوو کەس**

**لە دوای ئەوان**

**نە شورش گێر**

**نە شاعیریش**

**دێتە مەیدان**

**یەکەم مام**

**کاریزمای کورد**

**سونبلی ئاشتی**

**جیهان**

**دووەم قەڵەمەکەی**

**شێرکۆ بێکەس**

**بۆ نیشتمان**

❊❊❊❊❊

# لە قەندیلەوە

حەمرین دایکی نیشتمانم

جێی هێزی خۆبەخشانی

قەندیل قیبلەی کوردستانم

بەهەشتێکی پڕ لە جوانی

گەرمیان لانەی شێرانم

جێی ئارامگای شەهیدانی

عەشقم بۆ پێشمەرگەیە

سەرسامم بە داستانەکانی

خۆشەویستی لە ڕۆحمایە

بۆ گەریلا و شەرەفانی

**چاوانیشم پڕ ئەسرینە**

**تەمەن ڕۆی بە چاوەڕوانی**

**کەی کەرکوک دەگەڕێتەوە**

**بۆ باوەشی نیشتمانی؟**

**عەشقم بۆ خاکی کوردستان**

**هەمیشە نوێ دەبێتەوە**

**ئەمڕۆژی من ئەوکاتەیە**

**شۆڕشێ نوێ ببێتەوە**

**دڵم وەک ئاگری نەورۆز**

**بڵێسەی دێ و ناکوژێتەوە**

**عەشقی من بێ کۆتایە**

**قەستەم بە وکاتەی دێیتەوە**

**عەشقمان دەبێت بە وانە**

**لە قوتابخانە دەوترێتەوە**

**بۆئەوەی نەوەکان فێربن**

**عەشقی ڕۆح بیر ناچێتەوە**

**بڵاوکراوەتەوە لەگۆڤاری ترووسکە ژمارە(١٦٨)**

# چەپک

ئەمەوی وەک جووتیارێ
ڕێگای مێرگەپان
بکێڵم
داری گوڵی لێ بڕوێنم
بۆکاتێک کە بچینە
ژووان چرکەیەکیش
جێت نەهیلم
گوڵەکانی ببەستم
چەپک چەپک پێشکەشت کەم
لەسەر قەدی گشت دارەکانیش
بنووسم خۆشتم ئەوێت
ئازیزەکەم

*****

# بێوێنە

ئازیزەکەم

تۆ نوسیبوت

وێنەیەکی خۆت بنێرە

تا ڕوناکی

چاوەکان

ببێتە ئاسۆی

بێ نازم

دەڵێم گیانە

بۆ نازانی من ئەو کوردەم

لە مێژەوە

بە بێ وێنە و بێ فەرهەنگ و

بێ شوناسم

لە شۆڕشی مهابات دا

قازی محمد

ڕایگەیاند

شۆڕش گێڕم

**لە چەخماخەی شۆڕشی**

**نوێ**

**تاکوو ئێستا**

**نامەی سەردەشت و ئاڤێستا**

**دەگەیەنم**

**بۆ ئەوانەی**

**لەتیان کردم**

**بە سایکس بیکۆ و لۆزان**

**نەخشە و وێنە و**

**ساڵنامەی کورد**

**لەگەڵ وێنەکەی**

**خۆم دا**

**بۆت دەنێرم**

**لە ڕێکەوتێک**

**کە سەربەخۆ بێت**

**کوردستان**

✻✻✻✻✻

# دیدار

بڕیاربوو بێی بۆ دیدەنیم

تەنها ساتێ بتدوێنم

بەلەمی دەریای عەشقم

لە کەنارتا بوەستێنم

ئەو دەمەی کە تۆ

لێم دووری

غەم سینەم ئەسووتێنێ

تەنها وەرە بۆ دیدارم

هاتنت شادیم بۆ دێنێ

*****

# خـــەمـــەکـانی مـن

غەمە کانـی من جیـاوازن

لەغەمی هەندی کەس ناچێ

غە می من بۆ نیشتـمانە

هەتـاخاکمان لەدەست نەچێ

غە می من بۆ هە نگاوێکە

کە بـە رە وپێشە وە بچـێ

غەمم بۆ ڕوو سپێ تییە

نەک هەستم بە لاڕێ داچێ

غە مـم بـۆ مرۆڤەکانە

مـرۆڤـایـە تـیان فێـرکـەم

بە زانیاری و رونـاک بیری

چاوی نـاحەزانم کوێر کەم

غە مم بـۆ مـاف و ویـژدانە

لەم زە مانە لە خاچ ئە درێ

خە مـم بـۆ ئـازادی ژینـە

کە کچی لە سـەر ئە کوژرێ

خه مم بۆ منـاڵی عه فرینه

که لـه بـرسـانـا ده مـریٚ

غەم هەر غەمە و تەواو نـابیٚ

گرکانیٚکەو دانامرکیٚ

بـۆ گرۆهی گشت مـرۆیه

کەلەم سەردەمە بـاس دەکریٚ

هەندیٚ مرۆڤیان وەک گورگن

له پیٚستی مەر دا دەبینریٚ

گوناحه له کـۆمه ڵـگادا

به مرۆڤیش حساب بکریٚ

هەندیٚکیان وەک تـاریکی وان

هه رچه ند سه یر بکریٚ نابینریٚ

هه ندیٚکیان خاوه ن دڵیٚکن

ئه شیٚ ئاسن نەرم تربیٚ

ده ساشاعیرانی گه لم

جیٚمان نیه له م وڵاته

باهه رهه موو مان کۆچ بکه ین

بنیات بنیٚین ژینیٚ ساده

لەو جیٚگایەی مافی مرۆڤ

**تێیدا تەواو بەرقەرارە**

**راستە رۆشتن شکستێکە**

**ناچارییە ئەو بڕیارە**

❊❊❊❊❊

# کـــورد نـــــــــامــریَ

**یەکەم سەرکردەی ولاَتم**

**نامریَ هەردەم ئەژی**

**وەک هێمایەک هەر دەمێنیَ**

**کاتێک چووە بەردەم سێدارە**

**بە پێکەنین**

**رۆڵەی کورد بیَ وێنەیە**

**لە ئازایی و وەفای بۆ خاک**

**کە باسی جەنگ بکریَ**

**هەمووما‌ن  دەڵێن کوردە بیَ باک**

**کورد دەمیَ ساڵە لەخەباتە**

**ناوەستیَ هەردەم بیَ وچان**

**هە رلە هە وڵ و کۆششە**

**تاکومابین دە جە نگین**

**راستە جەستەی نیشتمانم**

**بریندارە وەک دڵم**

**سەدان برین**

**باسی کام بیماری بکەم**

**ئەکولێتەوە زامی دڵم**

**لە شۆڕشی مهابادەوە**

**تاکو ئەمرۆ تێدەکۆشین**

**یەک یەک بیان ژمێرم کارەساتەکان**

**کیمیاباران و ئەنفال و**

**خاکی سووتاوی کوردستان**

**یان بە زیندوو ناشتنی**

**کچە چاو کاڵی گەرمیان**

**کە خاوەن ویژدان بۆیان**

**دەگریان ئەوەتا کورد چەند بەهێزە**

**هەرچی وڵاتی زلهێزە**

**ناتوانن بیشکێنن**

**میللەتی کوردی کۆڵنەدەر**

**دەڕوانێتە**

**جەستەی هەڵەبجەم بیمارە**

لەگەڵ شنگال و

خانەقین

ئامەد و جەزیرە و بۆتان

پرچیان دەڕنن

بۆشەهیدەکانی

عەفرین

کۆبانی خوێن دەبارێ لە چاوەکانی

دروشمی کۆڵنەدانی هەڵکردووە

فرمێسک ئەرێژێ

بۆحەمرین

بەهەشت ئیرەیی بەتۆ ئەبرد

شاری عەفرینی سەوزم

ئێمەی رۆڵەت لەبەر

تانک و تۆپ دا

سەرچۆپی بۆ مەرگ

ئەگرین

سەرکەوتن تۆمار ئەکە ن

کچی جوانی شە ڕە ڤانی

ئەبێ هەستین سەرا پا

شۆڕشی بە رپابکە ین

**پەند لە قازی محەمەد**

**وەرگرین**

**کە دەیفەرموو**

**کوردینە یەک بگرن**

**ئەو ئاواتەم بێننەدی**

**ئێمە زیندووین و**

**نامرین**

**دەسا شۆڕش گێڕان بڕۆن**

**بەرەو رۆژ ئاوای کودستان**

**با هەر هەموو شەهید بین**

**لە سە رخاکی کوردستان**

**سەنگەرەکانتان چۆڵ مەکەن**

**گە ریلا پێشمە رکە ی قارە مان**

**با پیس نەبێ خاکی وەتەن**

**بە تاقمی فاشییەکانی**

**گۆی زەمین**

**بڕۆن تووخوا رۆڵەکانم**

**ئەی گلێنەی چاوەکانم**

**من خۆم وا لە پێشتانم**

**هەر ئەبێ سەربکەوین**

**سەربکەوین**

❊❊❊❊❊

# من وتۆ

نەتۆمنت لەیادئەچێ ونەمن تۆم بیر ئەچێتەوە

دەستت بخەرە سەردڵت ناوم بێنە لە ژێتەوە

دەزانم تۆشێتیت وچەن ڕۆژێکە بەجێی دێڵین

ئێستامەستی نامەی مەستیش عاشق کوا ئەیخوێنێتە وە

ئەوەتۆ بەوحاڵەشەوەشەوو ڕۆژت بەبێ منە

منیش لێرە بورکانێکم گڕم لێ بەرزئەبێتەوە

تۆئەزانی کەعەشقی تۆ ئەبەدییە لەناخمدا

لێم زیز مەبە دەستی عەشقت لەیەخەی من نابێتەوە

*****

# ژیـــن

کە دوربـــم لە باڵای یارم من ژیانـــم بۆ چی یە ؟

ژینی بە ناوژیـن تەنیـــاو پڕ گریانـــم بۆ چی یە؟

دڵ لەبەر دووریت ئە نـــاڵێ پڕ لەغەم و مەینەتە

شیوەن و هەژان و مەرگی پڕ سوتـانـــم بۆ چی یە ؟

تەنیـا هەوێنی هۆنراوەی ئەی هەوێنی گشت ژینم

گەر تێ نەکۆشێ بۆ وەسڵم ئەی من مانم بۆ چی یە؟

سەرچاوەی ڕونـــاکی دڵ و نوری دیەم هەر تۆ بوی

بێ تۆ چی لە دنیـا بکەم من ڕوح و گیانم بۆ چی یە؟

*****

# بە یـــــــانیت بــاش

بەیانیت باش هەناسەکەم

خۆزگە ئێستا لە لات ئەبووم

بە ماچێکی پڕ لە عەشق

هەڵت ئەساندم لە خەوم

بەیانیت باش فەرهادەکەم

سڵاوو سۆزی بێ سنورم

لەم بەیانی یە دورەدا

پێشکەشت بێ گوڵی سورم

❊❊❊❊❊

# شـــــە یدا

ئازیزە کە م تۆئە زانی

خە ڵکی بە شێت ئە یبەن ناوم

لێم دە پرسن تۆشێتی چیت

خۆنازانن عاشقێکی دڵسوتاوم

لە وە ڵام دا ئە ڵێم گیانە

عاشق شێتە و شاعیریش شێت

لێم دە پرسن بۆ ناخە ویت

بۆنازانن شە یدای شە وم

لە شە وانە بە لەمی عە شق

لە کە ناری یادگاری دا ڕائە گرم

هێندە عاشق بووم بە نیگات

وا نازناوی شێتە وە رئە گرم

*****

# شعرێکی بێ ناز

زۆر لە مێژە تەنیات کردووم

دڵمت بە خەم سپاردوە

خەندەت لە لێوم تۆران و

هیچ هەواڵت نەناردوە

ئاخر کەی ئەمە ڕەوایە

بە گڕت دڵم ئەستوێنی

بە هە شتت بە دۆزە خ ئە چێ

هۆش و هەستمت شێواندوە

ئەگە رئە م جارە بێیتە وە

قەت شێوە م ناناسێتە وە

پاڵە وانی شعرو عە شقت

لە خوێنی خۆی گەوزاندوە

ناونیشانی ماڵی ڕۆحم

پایزێکی هە ڵوە ریوە

سیماشم زە ردو غە مگینە

شیعرم لەخۆم تاراندوە

*****

# بگەڕێوە

ئەگـەر مەیلی بارانت کرد

نم نم ئەبارێـم بە سەر تا

ئەگـەر مەیلـی جارانت کرد

پێ دەکەنـــم لەبەر دەمتا

ئەگـەر مەرگی منت ئەوێ

ئەوە سەرم وا لە ڕێتـــــا

ئەگــەر ڕۆحی منت ئەوێ

بۆت دا ئەنێم لەبەر پێتــا

بگـــــەڕێوە بەم دوریەت

من هەژاوم لە ناخــــەوە

سەیرم بکە ئازیزەکـــــەم

چۆن سوتـاوم بەم داخـــەوە

گەردنت قەت ئازاناکـــــەم

ڕۆژی حەشر یەخەت ئەگرم

کـــۆمەڵـــێ ڕازو نهێنی

بۆ بەردەم خـودا هەڵ ئەگرم

*****

# هەناسەکەم

تۆ ئەوکەسەی لەخوێن هێنەرو خوێن بەرمای

تۆ ئەو کەسەی لەخۆش بەختی و

لە ئێش و ئۆف و کەسەرمای

شازادەکەم تاجی سەرم

تۆ دەزانی داگیرکەری عەرشی دڵمی

لەم داستانەی ئەوینەمدا

هەروەکو کڵپەی ئاگرمی

نوری چاوم تینی گیانم

ئەی پەیوەستی ڕۆح ودڵم

ئەوە جەژنە بەکام ووشە

بنوسم جەژنەت پیرۆزە

تاقەگوڵم

ووشەکانم پڕلە غەمن

بۆنی بۆسۆی دڵمیان لێ دێ

بۆنی هەناسەی مردن و

مشتێ خۆڵ وگڵمیان لێ دێ

میوانم بە

**وەرە توند توند دەستم بگرە**

**ماچێکی جە ژنە پیرۆزە**

**لەم لێوانەم وەربگرە**

❊❊❊❊❊

# وه فـــــــــــا

وه فایه ک بۆ خۆشه ویستی

له دوای تۆ ڕۆح ئه ده م له خاچ

خۆشه ویستی و یاده کانت

ئه نوسمه وه به شعره ماچ

خۆشم ئه وێی شازاده کەم

بیخه سه رم جوانترین تـاج

دڵنیابه بۆعه شقی تۆ

تـابتوانم ئه به خشم بـاج

❊❊❊❊❊

# شاعێرێکی شۆڕش گێڕ

عە شق لە خۆێن و جەستەوو دڵمایە

نە خشە ی ووڵاتم لە ناو ڕوحمایە

عەشقی ئازادیم پەیامم پێ یە

بۆسەر بەخۆیی سەرم فیدایە

دروشمم مان و نەمانە بۆگەل

خوینم ڕوبارە قەت لەبن نایە

شاعیرم شەیدای ئاڵای ئازادیم

لە خاچیش بدرێم ڕوحم عیسایە

چینی چەوساوەم زۆرم مەرگ دیوە

گیان بۆ سەربەستی لە برەو دایە

❊❊❊❊❊

**خۆشەویستم زۆرحەزئەکەم**

**ڕۆژی سەدجار لێت ببیستم**

**خۆشم ئەوێی**

**تارەگی خۆشەویستی بڕواتە**

**ناوخانەی لەشم**

**له خوێن و دڵ و عه قڵ دا**

**بڕویَ ببێته داری عه شق**

**تۆ ئه و كه سه ی**

**بەئاسانی داگیرت کرد**

**ڕۆح و هه ستم**

**ڕۆژبه ڕۆژ خۆشەویست تر دەبی**

**تاقانەکەم خۆشەویستم**

**کاتژمێر ٥ بەیانی**

❊❊❊❊❊

# بـــــەڵێـــــن

خۆشەویستم

بەڵێنت دا کە ببم بینی

ناخی دڵت بکەیتەوە

ووشەکانت هەست بزوێن بێ

برژێتە دەریای هەستمەوە

منیش بەڵێنت پێ ئەدەم

وشە کانت ببێتە

هەوێنی هەڵبەستم

هە زاران ووشە ی زارت

بێتە مۆمی داگیرساو

بۆ شەوانی دڵی پەستم

❊❊❊❊❊

# ئەگەر یارم بێتەوە

ئەگەریارم بێتەوە پایزم بەهار ئەبێ
لەبری گەڵای وەریو باخم لالەزار ئەبێ
ئەگەریارم بێتەوە ساتەکانم ڕۆژو شەو
تەژی لەسۆزی باوەش لەبری خۆراک و خەو
ئەگەریارم بێتەوە سارێژ ئەبێ برینم
ئەبوە هەوێنی شادی و ئارامیەک بۆژینم

*****

# دوری تۆ

هە ناسە کە م دوری تۆ

ئاگرێکە ئەم سوتێنێ

دەبێتە پشکۆیەک وگشت

دە روناخم ئە برژێنێ

خۆشە ویستم لە ورۆژە وەی

کە لێم دووری چاوە کانم

لێک نە ناوە ئێشک ئە گرێ

خە ریکی شین وگریانم

بڕوات هە بێ لە دوری تۆ

وە ک کە سێکی پرسە دارم

سە برو ئۆقرە م لێ بڕاوە

گە لێک لە ژین بێ زارم

بگە ڕێوە فە رهادە کە م

تا نەی کوشتوم غەمی دوری

گەر من بمرم بە وداخەوە

دڵنیام لە خۆت نابوری

*****

# یادی نیشتمان

ئەمشەو بەیادی نیشتمان
چاوەکانم ئەڕژێ گڕێ
ئەمشەو نۆتەی شیعرەکانم
هاواری گەردونی چڕی
ئەمشەو بۆئەم یادە تاڵە
چاوانم ئەشکیان ناوەستێ
ئەمشەو هاواری ویژدانم
گوێچکەی خاک فرۆشیان دڕی

❊❊❊❊❊

# شنەی عەشق

ئەی ئەوکەسەی خۆشم ئەوێی هەرتۆی هەناسەی ژیانم

عەیامێک بوو چـــــاوەڕوانـــی گوڵی هیوای ئەوەرانم

لە ناکــــاوا نمـــــەی سۆزت ڕژان بەسەر ئەوینما

بویتــە سەرچاوەی خۆش بەختی و ئارامی یەک لە ژینما

دەبا ئیتر گـــریانی تۆ چــــاوم نەکـــا بە هێلانە

کاتژمێری چــــــاوەڕوانی بەندم نەکـــا لەو زیندانە

تۆی ئەستێرە و مانگ و خۆری شیعری جوان و ئەوینمی

تـــــۆ حـــەکیمی ئێش و ژان و سارێـــژکەری برینمی

*****

# فەرشی سور

حاشا نەکەی خۆشەویستم

خۆشەویستیت لە نێو دڵت

بە نهێنی هە ڵگرتوە

فەرهادەکەم

تۆی ئەو کەسەی کە دڵم تۆی خۆش ویستوە

ئەگەر جارێ لێیان پرسیت ناوی ئەوژنەت

بیستوە ؟

بڵێ بەڵێ ئەو پەریەم زۆر شیرینە و لەناو دڵمدا

نوستوە

بۆهەتایە لەسەر هەمو ئادەمیەک دەرگای

دڵم داخستوە

تەنهاو تەنها بۆپەرێکەم فەرشی سورم

ڕاخستوە

بڵاوبۆتەوە لەڕۆژنامەی هەواڵ ژمارە(٧٥٣)

# هەتاو

تەنیاوەرە وەک هەتاوی
شیرینی دەمەو ئێواران
سۆزی خۆتم بەسەرداکا
وەکو یەکەم نمەی باران
تیشکی چاوت وەکو تاڤگە
بڕژێنە سەرپەڕەی ناخم
تاکو ببی بە گوڵزارێ
ئەی جوانترین گوڵە باخم

*****

# چـــــل ڕۆژە

**واچل ڕۆژە چاوەکانم نابینایە**

**واچل ڕۆژە ڕۆحم لەنێو مشتمایە**

**واچل ڕۆژە جلی ڕەشم لەبەردایە**

**واچل ڕۆژە خاکی دڵم بێ ئاڵایە**

**واچل ڕۆژە بێ ناوو ناونیشانم**

**من دڵ بووم**

**من شادەماری کوردستانم**

**لەمنەوە بڕواننە نیشتمانم**

**گەر کوردستان شادەماروو دڵی نەما**

**گوڵی شۆڕش و ڕاپەرین**

**لەکانیاوی کارەساتا**

**لەدەرگای ئازادی نەدا**

**من کێم**

**من ئیتر نە دڵم و نە شادەمار**

**من دەسوتێم**

**لەناوهەناوی کوردستان**

**من کەرکوکم**

**منم لەنیشتمان دابڕاو**

❊❊❊❊❊

# تۆ دەزانی

تۆ دەزانی خۆشەویستیت
ئاگــرێـکە دەم ســوتێـنێ
دەبێتە پشکۆیەک و گشت
دەروو ناخــم ئـەبـرژێـنێ
تۆ دەزانی تیشکی چاوت
عەشقی ڕەنگی ڕەشم ئەکا
لەوڕۆژەوەخۆشم ویستوی
لەگشت ڕەنگ بێبەشم ئەکا
تـۆ دەزانـی لـەو ڕۆژەوەی
خۆشم ئە وێی چاوەکانم
لێک نەناوەئێشکت ئەگرێ
خـەریکی شیـن و گـریانم
تـۆ ئەزانــی لـەدوا ســاتی
جیـابـونەوەو مـاڵ ئاوایی
بۆ ئەبەدی من ئەسپێریت

بە خەیاڵ و  بە تەنیایی

تۆ ئەزانی هەتا ئێستاش

هەست و هۆشم بە گومانە

لە ڕۆشتن و ماڵ ئاوا بیت

بۆ هاتنەوەت چاوەڕوانە

بگەڕێوە  چاوەکانم

بۆ دیدارت  چاوو لەڕێیە

لە کڵێسای خۆشەویستی

مژدەیەکی  تازەی پێیە

*****

**تۆ دەزانی هیچ گومانم لەوە نیە**

**دوریت وەک گوڵ ئەموەرێنێت**

**تۆی جوانترین یادەکانم**

**چۆن زاتت کرد منت بیرچێت**

**زۆر دڵنیام ڕۆژێک هەر دێ**

**لە ئاستمدا دڵ نەرم بی**

**وەکو ئێستا لێم ڕاناکەیت**

**وەکو جاران دڵ گەرم ئەبی**

**ئێستا لە چاوتا نادیارم**

**لە دڵیشتا جێگەم نیە**

**سەیرم ناکەی لێم ناپرسی**

**لە خەمێکت پێگەم نیە**

**سۆزی جارانت نەماوە**

**بە گریانم باوەڕ ناکەی**

**پێ نازانی چەندە بێ تۆم**

**لە خەیاڵیشم تێ ناگەی**

**ڕۆژێک هەر دێت بە تاسەوە**

**بۆ یەک ژوانت ڕام بکێشی**

**لە پاداشتی قسەی ڕەقا**

**ئاخ بۆ بینینم هەڵکێشی**

**ئەوسا بیرت دەخەمەوە**

**ئەتبەمەوە بۆ کاتی زوو**

**شوێنێکت نابێت لە دڵم**

**بەڵام ئەتکەم بەڕابردوو**

❊❊❊❊❊

# کوردستان

کوردستان جێگەی کوردە

لەپێش چاخینی بەردە

کورد بەووە ناسراوە

نەتەوەیەکی مەردە

بستێ خاکی نیشتمان

نادەین بەزێڕوو پارە

لەپێناوی کوردستان

بابدرێین لەسێدارە

مێژووی شۆڕشی کوردان

شاهێدی ئەدەن بۆمان

یان کوردسان یان نەمان

درووود بۆ گشت شەهیدان

منت زیندانی کردوە

لە نێو عەشقی

بێ سنورتا

پەیمان و بڕوا بونەتە

پێشمەرگەیەک

لە خزمەتی

نیشتمانی عەشقتا

ئەجەنگێن و

ئەتپارێزن

بۆ پیرۆزی خاکی دڵت

دەستە وەستان

چاوەڕوانن

بۆ لەشکری

سۆزو ئەوین

سۆز شنە باو

ئەوین دەریا

هێرش دەکەن

**تا دەتبەن لە گەڵ شە پۆلێکدا**

**دە تهیێننەوە نێو کیشوە ری**

**خاکی دڵم**

❊❊❊❊❊

# ڕازی دڵ

خۆشەویستی یەک خۆشم دەوێی

من ناتوانم پێناسەی کەم

سوێندبێ بە هەموو عاشقان

هەمیشە من باست ئەکەم

بە گڕی عەشقت سوتاوم

هەست بە سوتانی ڕۆحمەکەم

زۆر ئەترسم لە شعرێکا

ڕۆژێک ناوت بدرکێنم

داستانی ئەم عەشقە جوانەم

بە گشت جیهان بناسێنم

دەترسم لە چاوی بە دخوو

هەر بە نهێنی باستەکەم

بالآت بەبالآی قەندیل و

وەکو خۆرێ پێناستەکەم

بۆ شەهامەتی و ناوبانگیش

وەک پێشمەرگە ناوت ئەبەم

*****

# ئەی خودا

ئەی خودا دیاری بکە سەرکردەیەک کورد و دلێر
پەیامی ئازادی بێ و ئاشتی و ژیانی پڕ لە خێر
بۆ گەلی کورد ڕێنەما و نیشاندەرێک بێ بۆ خەبات
قۆڵی هیممەت هەڵبکا و بۆ کاتی شەڕ ئازا و بوێر
لابەرێ تاڵی گەلی دەسکورت و چەوساوە و هەژار
دەشتی ئامانج و خەبات پڕکا لە نەسرین و شلێر
جا #پەری ئاسوودەیە وا لەو دەمە ئێشی نییە
شێعری یەکسانی دەڵێ باسی وڵاتی لانە شێر

❊❊❊❊❊

# دابـــــڕان

تـاڤگەی بەخوری ئەشکی چاوانم وا دەمخنکێنێ

هەر دووری یـارە ئەژنۆی ئومێدم کەوا دەشکێنێ

هێندەم خۆشدەوێ بەقەد پێوانەی پانتایی گەردون

لەعەشق وئەوین هەر بەردەوامم تـا دواییم دێنێ

لەم دابڕانە زۆر زۆر دەترسم تـا دوا تەمەن بێ

ئاوازی شیعرم سەمفۆنیای غەمە هەر ڕامدەژێنێ

❊❊❊❊❊

# حەسرەت

خۆزگە ساتێ ئازیزەکەم
بە ئارامی ئەهاتمە لات
ئەو شعرانەی بۆم نوسیویت
لەسەر جوانی خەندەو نیگات
دەم خوێندەوە بە هێواشی
لە ژوانێک بۆ دوایین سات
بە حەسرەتم بۆ بینینت
ئاوی چاوەڕوانیم دا هات
دەسا وەرە گیانی شیرین
بڕوانم لە بەژن و بالاّت
لە ئازاری دووری دیدار
بۆ دوایین جار بمدە نەجات

❊❊❊❊❊

# ســـلێمانی

**ئەی سەرچاوەی شادی دڵم شاری جوانم**

**گەرچی دوربم بەعەشقی تۆ ئاوێزانم**

**لەم دوریە هێشتا بە عەشقت سەرمەستم**

**بـە جوانی تۆ و بـەیادی تۆوە بە هەستم**

**تۆ بۆهەمیشە لە خۆێنمای ئەی شارەکەم**

**بێ یادی تۆ چاولێک نانێم هـەوارەکـەم**

**بیستوتە عاشق واز بێنێ لە مەعشوقی**

**یا پێشمەرگەیەک وازبهێنێ لەنۆبوکی**

**بە وشێوەیە عاشقت بوم ئەی زێدی خۆم**

**خۆشم ئە وێی خاک و خۆڵت کلدانە بۆم**

*****

# هەولێر

لە پێناسی جوانی شاردا

زمانی لاڵە هەڵبەستم

هەولێری شاری جوانانم

هەوارگەی بۆ خۆشەویستم

بۆچی ئە بێ منی بێ بەخت

هەمیشە دڵ کەیل و پەست بم

دورم لە تۆو لەجوانی تۆ

نەت نوسمەوە بە هەڵبەستم

❊❊❊❊❊

# گەریـلا

ئەی گەریلای لێو بە خەندە

شۆخی پڕ میهروجوانی

ڕوخسارت بە شێوەی مانگە

چونکە ئارایشت نازانی

تۆ لە بری ملوانکەی زێڕ

فیشەکدانت وا لە گەردن

خەو بە سەربەستی ئە بینی

مل کەچ ناکەی تاکو مردن

ژوانی تۆ سەنگەرتە

شاخ و دۆڵ و بن دارێکە

هاوژین و ئە وینی تۆ

تفەنگ و فیشە ک دانێکە

ئە ی کچی بە رزی وڵاتم

ئیلهامی شیعری جوانم

مەشخەڵی ئازادیت پێ یە

بۆگەل و بۆ نیشتمانم

ئەمڕۆ ڕۆحم هەڵۆیەکە

لە قەندیلا بەرز ئەفڕێ

خەرمانێ  ووشەی ئازاری

غەمی گەل لەکۆڵ هەڵ ئەگرێ

سرووەی شەپۆلی ئازادی

لە بناری کێوی دڵما

وەک مناڵێک پێ ئەکەنێ

هەستی شۆڕش گێڕی گەلێک

لە ویژدانا ڕائەچەنێ

❊❊❊❊❊

# شەوی بەختەوەریم

ئەی ئەوکەسەم خۆشم ئەوێیت

چاوەڕوانم کە بێیتەوە

شەراب لەخۆێنما بڕوا

دەستم بلەرزێ بەدەستەوە

شەوی بەختەوەری من

ئەوشەوەیە کەدێیتەوە

غەمی من وەک کلۆی بەفر

لەباوەشتا ئەتوێتەوە

❊❊❊❊❊

# حــەز

تۆ لە کەیفی بادە نۆشی

منیش لە یادی شیرینت

بە حەزێکێ لێ بڕوانە

تۆبۆمە ی من بۆبینت

دە ستم بە رێ پڕ بە حە زی

خۆشە ویستی لە م ژیانە

تە سلیم بە بە جۆشی

ئە وێنێکی شێتانە

بیسەلێمێنە ژیان بەندە

بەعەشق وخۆشە ویستی گیانە

❊❊❊❊❊

# ساڵی نۆێ ٢٠١٨

بۆساڵێکی ڕۆشتووی تەمەن

من لەغەماسەمائەکەم

جەژنی ساڵی نوێ لەکوێ یە

دەغڵی تەمەن بەبائەکەم

ساڵێکی پڕ نەهامەتی

بڕوات و نە گەڕێتەوە

غەمێکی لەنێودڵ دانا

وەک بەفری کێۆ ناتوێتەوە

غەمی من وئازاری دڵ

بۆلەت بوونی نیشتمانە

گریە و ناڵەم بۆبرسێتی هەژارانە

**هەمووڕۆژێ هەرووەک یەک وان**

**غەم هاوڕێ یەو سەماشمان بەئاوازی سنگ کوتان**

**هەردوێنێ بوو ئازیزانمان برد بۆ گۆڕستان**

**تەنها بەگۆڕینی ساڵ دێنەوە شار**

**بیژمێرم ژمارەکان ڕادەوەستن**

**نەفرەت ئەکەن لەڕۆح کێش ویاسای ژیان**

❊❊❊❊❊

# بۆیادی تۆ

له خه یاڵی جوانی چاوت

من دنیام له بیرچۆته وه

هێنده شه یدای چاوانت بوم

که وه ک خۆر ئه دره وشێته وه

نه که ی هه رگیز ئاوابی لێم

ئه ی خۆری ئاسمانی ژینم

بێ بونی تۆ ژینم تاره

ڕوناکیش به چاونابینم

له گه ڵ ده رکه وتنی خۆردا

سیمای جوانتم بیر دێته وه

چاوت به خۆر وه سف ده که م

هه رگیز بیرم ناچێته وه

تۆ هه ربه شێوه ی خۆر ده چیت

عەکسی خۆر ده سوڕێیته وه

ئه گەرئاواش بی ئەزیزم

ڕۆحم بۆتۆ ئەشنێتەوه

که خۆر هه ڵهات تۆش ئاوابویت

**جارێ تریش   هه ڵد ێیته وه**

**ده ستم ده گری زۆربه گه رمی**

**بۆجێ ژووانم  ئه به یته وه**

❊❊❊❊❊

# شیکارە شیعرێک بۆ پێشمەرگە

پ ...پە یوە ندی بە ڕۆح و خاکە

پێناسە ی گە لی بێ باکە

ێ ... یادگارمەهە تاکو ماوم

خاک پارێزبم وە کو چاوم

ش... شە یدایە ئەوبۆ ئازادی

بۆ میلە ت دە هێنێ شادی

م.... مردنە لە پێنا و ژیان

بۆ پاراستنی کوردستان

گ.... گە واهی ئە دە ن بۆ جیهان

نا وە ستن لە تێکۆشان

ە ها وار دە کە ن بە یە ک دە نگ

بۆ ئازادی وژین واین لە جە نگ

❊❊❊❊❊

# خەندە

به خه نده وه هاتیته ژینم
غه م نه كه ی به پێ ناسه م
ته نها له بۆدیدارێكت پڕ
له حه سره ت و تاسه م

به خه نده وه لێم بڕوانه
كه ئارامم ده كاته وه
چرۆی گوڵی خۆشی ژینم
به خه نده ت ده م ده كاته وه

*****

# خـــەمـــەکـانی من

خە مە کانم زۆرجیـاوازن
لەغەمی هیچ کەسێ ناچێ
غە می من بـۆ نیشتـمانە
هەتـاخاکمان لەدەست نەچێ
خە می من بۆ هە نگاوێکە
کە بە رە وپێشە وە بچێ
خە مم بۆ ڕوو سپێ تییە
نەک هەستم بە لاڕێ داچێ
خە مـم بـۆ مرۆفە کانە
مـرۆڤـایـە تـیان فێـرکەم
هەتـابەهۆش و زانیاری
چاوی ناحەزانم کوێر کەم
غە مم بـۆ مـاڤ و ویـژدانە
لەم زە مانە لە خاچ ئە درێ
غە مـم بـۆ ئـازادی ژینـە
کە کچی لە سەر ئە کوژرێ
غە مم بۆ منـاڵی عە فرین

**كه له برسانا ده مرێ**

**غه م هه رغه مه و تەواو نابێ**

**گڕ كانێكه دانامرێ**

**بۆ گرۆهی گشت مرۆیه**

**کەلەم سەردەمەباس دەکرێ**

**گوناحه له كۆمه ڵگادا**

**به مرۆڤیش حساب بكرێ**

**هەندێکیان وەک تاریکی وان**

**هه رچه ند سه یر بكرێ نابینرێ**

**هه ندێكیان خاوه ن دڵێكن**

**ئه شێ ئاسن نه رم تربێ**

**ده ساشاعیرانی گه لم**

**جێمان نیه له م ولاته**

**باهه رهه موو مان كۆچ بكه ین**

**بنیات بنێین ژینێ ساده**

❊❊❊❊❊

# بێ هیوایی

ئەم شەووشەم لێ تۆراوە نابێ بەدێرێ هۆنراوە

واهەست ئەکەم عەشق سەری لەخۆم و ووشەم تێکداوە

شەپۆلی بێ هیوایی دڵ وەهاشاڵاوی هێناوە

دەسادڵم عاشق مەبە کوا وەفا لەعەشقا ماوە

هەرگیز ناوی ئەویندار‌ی وخۆشەویستیم مەهێنە

ئەو ووشانە خۆشەویستی ئەگرێتە خۆ لەفەرهەنگتا دەری بێنە

*****

# ڕاهیبەی عەشق

ئه بمه ڕاهیبه ی عه شقی تۆ
له كڵێسه تۆبه ده كه م
له په رستگای عاشقاندا
چاوه كانتەئەی قیبله كه م
به كه لتوره وه به ندكرام
نازانم چۆنت پێ بگه م
ووتی ئه ی یار له سه ردینی
مه سیحایه ماره ت ده كه م

*****

# ئەشقی خاک

لەبیرت دێت پێم ئەوتی
عاشق مەبە بەچاوانم
دڵم داوە بە نیشتیمان
من ئاشقی کوردستانم

ئاشق مەبە کوانێ ئێستا
ڕێزی ئەشق وەک خۆی ماوە
مرۆڤەکان لەیەک ناچن
ئەشقی جاران کوانێ ماوە

بەگوێم بکەو ئاشقم مەبە
بادڵمان  ئاشقی وەتەن بێ
گیان ببە خشین لەپێناوی
نەک دەست  وپێی لەپێوەن بێ

**ئیتر باسی ئەشق مەکە**

**من ئاشقی هیچ کەس نابم**

**دڵم داوە بە نیشتیمان**

**قەت لە ئامێزیدا تێر نابم**

**بڵاوبۆتەوە لەڕۆژنامە هەواڵ ژمارە٧٤٧**

# یادێ لەتەمەن

جوانی خــــاکی گەرمیانەکەم

هەموو جەستەی داگیر کردووم

هەوای گەرمی و هەوری چــڕی

ئـاسمـانی شیـعری لـێ گرتووم

دیمەنی جــوانی شـــــارەکەم

هـــات بــە پیری شـیـعرمەوە

بـە چـەن دێرێک هەستم بۆ تۆ

کــــەلارەکــەم ئــەنووسمەوە

من هاتووم هەر وەک غەریبێک

لـە نـێو نـاخـتـا دەخولێـمـەوە

خۆهەر وەکـو مـەقــام خـوێنێک

ئەچمە خـەیـاڵــی قـوڵـەوە

لـە دوا هـەنـاسـەی پـڕ حەسرەت

دڵـۆپـێ فرمێـسکی خـوێـنـین

تکـا لـە چاو بو بــە دیـاری

ڕۆژانی پــڕ تــاڵی و شــیرین

*****

# دایک

لەناو چوارپێیتا من ئەژێم

واکردوومەتە بەرنامە بۆڕێم

د،،،دیاری یە ،دۆستە دووژمنە

ا،،،ئاشتی یە و ئارامی ژینە

ی.....یەکەو نابێ بەدوویەزدانە

ک.....کتێبی فێرکەری ژیانە

*****

# پێشمەرگە

ئە ی پێشمەرگە دڵم لاتە

لەهەرشوێنی

تۆئە وکەسەی دوژمن

بەچۆکا دادێنی

لە کاتی شە هید بونشیدا

خاک ماچ ئەکەی

سوجدە دێنی،

*****

# قوربان

قوربانت بم خۆشه ویستم

هیواو ئاوات و مه به ستم

قوربانت بم سۆزو هه ستم

هۆنراوه شعرو هه ڵبه ستم

قوربانت بم چاو ی گه شم

بۆبینینت زۆر په رۆشم

تۆی خه یاڵی بیرو هۆشم

له دوریت غەم ئەنۆشم

قوربانت بم سه دان جاره

له دوریت دڵ بی قه راره

خه ڵکه ته کبیرێ له وکاره

له دوری ده ردم بێ چاره

قوربانت بم یاری جوانم

تاقه گوڵی نێو باخانم

جارێ وه ره بۆ ژوانم

ئەی شاپەڕی گوڵی جوانم

*****

# شاعیره كان

باووشه كانتان ژەهراوی بێت

دوژمنی پي بخنكێنريت

ووشه كانتا ن با جۆش بێنێت

به دڵی گەرمی لاواند

ببیته خه نجه رێک و

ده ستی دوژمنی پێبڕێت

شاعیره كان

بابه س شه وانی مه ستی و

هه ڵدان به سه رچاوی یار

باووشه كان

زه مینه له رزینه یه ک بیت

بیرۆخینی تەختی زۆردار

بیرتان نه چێ خوشكی

ره نگ زه ردی

ئه نفال كراوی گه رمیان

چاوی كاڵی كچه

**بە زیندوو  نیژراوە کان**

**کارە ساتی بۆنی سێوو**

**بۆنا وشاخ و کوێستانە کان**

**لە دواجار کارە ساتی**

**خاک سوتاوی گە رمیانە کان**

**مێژووی بە سوێی کوردن**

**دڵی گشت کوردی کردەژان**

**بیرتان نە چێ**

**مێژوی ئە مساڵ**

**سە رکردە کان**

**ئە و... لە ژێر خاکن**

**ئە و...لە زیندان**

**تە نها قە ڵە می ئێوەیە**

**ئا زادی دە هینێتە مەیدان**

❊❊❊❊❊

# ناخی گە ریلا

غە م لە ناخم چرۆ دەکا

بۆ چوار پارچەی

کوردستانم

کە بینیم وا لەت لەت بوە

گیان و دڵی نیشتمانم

سنگم کردە سنورێک

بۆ بەرزاییەکانی شە نگاڵم

گە ردنیشم بۆحەمرین و

دوزو ناوچە ی گەرمیانم

من فێرنە بوم عاشق بم

بە چاوو باڵای کوڕی شار

من تە نهاعاشقم

بە شاخ ودەشت وگوڵزار

من نازانم گوێ بگرم

لە مۆسیقاو گورانی

گوێ کانم کرایە وە

بە هاژەی ئاوی کانی

**من ناتوانم**

**دابنیشم لە رۆشتنام**

**بێ ووچان**

**چاوم گریا بۆیە کەم**

**جار**

**بۆکچی پیشمەرگە یەک**

**بۆ باوکی شەهیدی ئەیکرد هاوار**

**ناخم دە هە ژینی باشورمیلەت هەژار**

**سە رکردە یان بەلۆری پارە ئەکەن بار**

**من ئامادەم خوێنی دڵم**

**ئەوپارچەیەک جەستەم لەگیان**

**بیفرۆشم بیدەم بەنان**

**تانە بینم منالی برسی چاوبەگریان**

**خۆ چاویان کویرە نابینن**

**منالی پیشمە رگە ی برسی**

**رۆژی دادی ئەومنالە**

**لێت ئەسێنێ وئەیشکێنی کورسی**

**شە وی مەرگ و دوژمنی کورد**

**دوا تەمەنی کۆتایی دێ**

**لافاوی توڕەی گەلێک**

**بۆ ئازادی**

**خاک و**

**خامە و**

**عە شق و**

**ژیان**

.

.

.

❊❊❊❊❊

# گـــــڕی شیعرم

من داخی ئـەم نیشتمانـەم  گڕ لەشیعرم بەرئەدا
عەشقی تێکەڵـی خوێنمەو ئەودنەی فیکرم ئەدا
نیشتمانی من کـەخاکی پـڕلەسەرچاوەو کانزایە
لانەی تەواری گیانباز و خودان داستانی تێدایە
هەرچەندە خوانی هەژاران داخەکم لێی بێبەشە
خۆخۆری ونایەک ڕیزیە مردنەومەرگی ڕەشە
بەڵام هێشتاکەپێنوسم بۆی دەنوسێ گڕی شێعرم
هەتاخۆری ونی شاری دڵی عیشقم لەخۆ دەگرم

لەژمارە ٨٧٥ هەواڵ نیوز بڵاوبۆتەوە

# ڕۆژی عاشقان

خۆزگە لەڕۆژی عاشقان فەرماندارێک هەبوایە

بۆ گشت دڵدارانی شار شوێنێکی ساز کردایە

پۆل پۆل عاشقان دروشمی بۆیەک بونیان ئەچڕی

بەگۆرانی و بەچەپڵە ڕۆژمان بەسەر بردایە

ئەوجا بۆسەرگۆڕەکەی پیرەمێرد وەڕێ کەوتاین

ڕوحی ئەوشاعیرەمان بەو عەشقە خۆش کردایە

*****

# عەشــق

هێندە عاشقتم ئەزیزم

پێوانە ناکرێت بەهەستم

خۆری چاوتم لێ وون مەکە

بەعەشقی تۆ وەپەیوەستم

ئەگەرلە پێناووت بمرم

خەڵاتێکە بۆعەشقەکەم

ئیترکەس ناوم ناهێنێ

کەوا من بۆت شێت و مەستم

❊❊❊❊❊

# هەموو شەوێک

هەموو شەوێ سۆزو ئەوین ئەبارێنم
بەسەر نیگای نەرم و جوانت
هەموو شەوێ ژانی شیعرێک ئەمگرێنێ
دەمباتەوە بەرەو هەوارگەی جێ ژوانت
باش بزانە سۆزت دەنگت ووشەکانت
ئارام بەخشن بۆ ژیانم
هەموو شەوێ چاوەڕوانیت پێچم ئەدا
بەرەو ئاقاری پەنهانم

*****

# هەموو ڕۆژێ

هەموو ڕۆژێ بۆعەشقی
تۆشیعرێ دەکەمەگەردانە
دەی کەمە گوڵە نێرگزێ
بۆ نێ بدا بەم ژیانە
ڕۆژێ بێ تۆ بەختەوەرنیم
تەمەنم هەموی وێرانە
ئەوینی من چەپکێ شیعرە
بۆپێشمەرگەی کوردستانە

*****

# فێرت کردین

**عەفرین ئەی قیبلەی ئازادی**

**ئومێدەکەی گشت کوردستان**

**ئێمە وا لەتۆوە فێر بووین**

**فیدا کاربین بۆ نیشتمان**

**کەرکوک وا گڕی گرتووە**

**راستگۆیە و خەمخۆرە بۆتان**

**حەمرینیش هەر چاو لەرێیە**

**بێت بە جێژووانی عاشقان**

❊❊❊❊❊

# قەندیل نیشتمانە

لەجوگرافیا قەندیل شاخە

بەس لە لای من نیشتمانە

نیشتمانی گەریلایە و

قیبلەی ئازادی خوازانە

نیشتمانێ لێواو لێوە

لەچیرۆکی کوردایەتی

لاپەڕەی دیرۆک شاهێدن

بۆ خەبات ومەردایەتی

نیشتمانێ خاکی سوربێ

بە خوێنی کوڕوکچانی

ئاڵاکەی ئەشەکێتەوە

لەچوارپارچەی کوردستانی

*****

# پێنوس

کە پێنوس فرمێسک ئە ڕێژێ

بۆنیشتمانی دیار ئەکەم

تورِە بونێک ناخم ئەگرێ

پڕبەگەروم هاوارئە کە م

ئە وە ی هە مە لە م ژیانە

خە ندە ی درۆ و ناخی پڕ تین

بۆخاکی کوردستانە کە م

دڵم پڕە لە تۆڵە و قین

زۆجارمافم لێ ئە سێنن

هەمووخۆزگەکان ئە نێژم

کە پێنوسێ مافی نە بێ

بۆحە ق بێژی ئەی چی بێژم

بە زامی نیشتمانە وە

هە موو ڕۆژێ ئە تلێمە وە

شعر ئە کە مە گورانی

هە ربۆخۆمی ئە ڵێمە وە

*****

# ئەوینی تۆ

بـە هـەناسـەت ئـەژییێمە وە

دە بمە داگیـرکە ری دڵت

ئەگەر شـۆڕشی بـۆ بکە ی

من ئەبم بەخاک و گڵت

تــۆ دەبیتــە نیـشتـیمـانـم

بەیداخی عەشق هەڵدەکەم

ئەبـم بە نـوێنە ری هەستت

زەنگی سەرکەوتن لێئەدەم

لـەنـاو پـەرلـەمـانـی دڵــتا

ژینت پـڕلـە ئـاواز ئـەکـەم

بە سردووی خۆشم ئە وێی

هەزاران سۆزو ڕازئەکەم

❊❊❊❊❊

# پێشمەرگە

گەلێ خــاوەن پێشمەرگە بێ
مەرگی بە پێش خۆی خستوە
ئــەوەی هێرشی بــۆ بێنێ
پەشیمانـــــی بــەرکەوتوە
گەلێ لە ڕێ ی عەشقی خاکی
ڕوبــارێک خــــوێنی ڕشتوە
بۆ ئـــازادی گەل و خــــاکی
ڕۆحی خــــۆیشی نەویستوە
گەر چی هێشتا سەدای تەپڵی
ئــــازادی خــۆی نە بیستوە
چوار دەوری گــورکی دڕندەن
بــــۆیە بەو حـــاڵە گەشتوە

❊❊❊❊❊

# ئێـــــــــواره

ئه م ئێواره یه مه له ئه که م

له نێو ده ریای غه م و خه یاڵ

ئاخ واشه وه گه ڕامه وه

بۆهه وارگەی چۆڵ و به تاڵ

شه وه کانم وه کو یه كه

له دوريت ئه ی هاوڕێ وهه ڤاڵ

واگوڵی خۆزگه ی ته مه نم

هه ڵوه ری له به هاری ساڵ

کوانێ ئه ڵێن به هار هه یه

نیسانیش هه رخه زانه بۆم

هێشتا چه پکم نه کردوه

گوڵ هه ڵوه ری به دەستی خۆم

له م شه وه دا به چاو ئه ڵێم

ئێتر باچاوه ڕوان نه بێ!

به دڵیش ئه ڵێم تێ بگه

کەی ئەوگوڵە بۆتۆئەبێ

*****

# دووری تۆ

لەدووری تۆ ئازیزەکەم  ڕوح لەجەستەم وادەردەچێ

سات بەسات نێڵەی ئاگری بێ تۆیی بەرەو سەردەچێ

کانیاوێکی وشەم بەلاّم پێنوسم کۆڵە لەدووریت

چی بنوسم  وشەو شێعرم بۆ وەسفی بە هەدەر دەچێ

هەمووشەوێ هەستەکانم لەدووری تۆ گێژو وڕن

لەئازاری بێ تۆییدا وشەو هۆنراوەشم سڕن

یادەکانت پشکۆیەکن داگیرساون لەناخمدا

پێمبڵێ کەی بزەیەکت ئەشکی ئەم دوریەم  ئەسڕن

*****

# شیعری من

هەرشیعرێکم نووسیوە ئەشکی چاووخۆێنی دڵمە
لاواندنەوەو ئـامێزی نـاخی پڕ گڕو پـڕ کوڵمە

شیعری من کوانوی جۆشداری دانەدانەی گەلی کوردە
ناخی گەنجی خێر نەدیوو کیژی پڕ پـەیمانـەی مەردە

شیعرم کانیاوی پڕسۆزی دایکی هەموو
شەهیدانە
خۆراکی ڕۆحی سەنگەرو تیماری برینی
گیانە

بڵاوکراوەتەوە لەڕۆژنامەی هەواڵ نیوز ژمارە ٧٨٧

# شیعرێک

شیعرێ نەبێ بەگڕو تین

لەدڵابۆشۆڕش گێڕی

دەبائەوشیعرە هەربمرێ

لەسەرەتاو یەکەم دێڕی

شیعرێ کاریگەری نەبێ

لەناخی ئازادی خوازان

دوای خوێندنەوەی

بێتە درووشمی خۆپیشاندان

هەزار جار ووتنوەی

شیعرنیە وباهەرنەبێ

شیعربۆنیشتمان نەتخاتە شین

نەتبات بەرەوخەباتی چەک

بۆڕا پەڕین

شیعرنیە

هەربەزیندوێتی بینێژە

لەگۆڕستان شیعرنیە

**حەزئەکەم شیعرێ بنوسم**

**میوانی هزروو هۆشم بێ**

**ڕۆژی شۆڕش وبەرخۆدان**

**ئەوهێمای هەست و جۆشم بێ**

**بڵاوکراوەتەوە لەڕۆژنامەی هەواڵ ژمارە** (٧٧٢)

# ئێمە و ژینگە

وەرن بائێمە ژیــان خۆش بکەیـن

بادەی سروشت وجوانی نۆش بکەین

ژینگەو ژیــانمان لەجوانی پڕکەین

پیسیی و دڵ پیسی لەبن بن بڕکەین

ئـەم ئــاوو کەش و ئەم دنیا خۆشە

ئـەم کــوردستانـە واسەووز پۆشە

هـەوارگـەی هـەزار دڵ و ئـەوینە

چــی ووڵاتێکی جـــوان و شیرینە

بـۆهـەرلا ئــەرۆی چـەم و نسارە

بـۆهـەرلائـەرۆی گـوڵـە گـوڵزارە

خێمەی هەڵداوەگوڵ وگەلای گـەش

جـوانــی دیمەنی خستۆتــە بــاوەش

جریـوەی مەل و کەوی قـەد پــاڵـی

دڵــە جوانـەکـان ئـەبنەعـەوداڵــی

ژینگەی وڵاتمان هەرخۆی ژیــانە

پــاکی ئـەرکێکە لـەسەر گشتمانە

*****

# ئەنفال

کاتێ کەکورد ئەنفال کرا ژیانمان وەک زەهرتاڵ بو

لەدەشتێکی چۆڵ و وشکا کوڕو کچ زیندە بەچاڵ بو

لەبەدبەختی گەلی کوردا جیهان بێ دەنگی هەڵبژارد

ماڤی مرۆڤ لەئاست هەقا پەیکەرێکی کەڕولاڵ بو

*****

# بڵێسەی شیعر

پیرۆزی پشکۆی شیعر

لەنێو دێڕی شاعیرانا

وەک تروسکەی  شۆڕشێکە

لەدڵی شۆرشگێڕانا

شاعیر هەیە پێشمەرگەیە

لەبەرەی پێشەوەی جەنگا

ئامادەیە بۆ نیشتیمان

ئەچێتەوە بەگژ مەرگا

شاعیر هەیە گەریلایە

گەل فێرئەکانەبێ بێدەنگ

مناڵانیش لە ناو فێرگە

فێرئەکا هەڵگرن تفەنگ

شاعیر هەیە شەڕەڤانە

پەتی سێدارەئەپچڕێنێ

هەربەدەنگی ئەی ڕەقیبی

دڵی دوژمن ئەلەرزێنێ

بڵاوبۆتەوە لەڕۆژنامەی هەواڵ ٧٨٩

# قاوە

**کاتت هەیە لەسەرکورسی**

**بە تەنیشتە وە دانیشم**

**چاوەڕێم فکرێکی جوان**

**بگۆڕمە وە ئەی چاو گە شم**

**تالەم شەوە دا لێت بڕوانم**

**با ڕۆحم ئارام بێ لە گەڵت**

**بۆئارامی بە پە رۆشم**

**ئازیزم قاوەی دە ستم بخۆرەوە**

**بە هێواشی**

**هەست ناکەی تۆ وەکو**

**قاوەی هەم تاڵی و هەم شیرینی**

**بێباکانە ئەتنۆشم**

*****

هەرشیعرێکم نوسیوە خوێنی دڵمی نۆشیوە

لاواندنەوەی هەستم لەووشەکا نادەربڕیوە

شیعرم کوانوی بەجۆشی خەمی مناڵی کوردە

شیعرم گورانی خۆشی ماڵ وڕەشماڵی کوردە

شیعرم کانیاوی فرمێسکی شەنگەبێری جوانە

شیعرم برین وهەنسک ومەرهەمی زامی گیانە

❊❊❊❊❊

# هـــــــــاوار

**خۆشەویستی یەک خۆشم ئەوێی**

**لەشیعریشا باس ناکرێ**

**ڕۆحم هێندە شەیداتە**

**بەوشە پێناس ناکرێ**

**مەلی ڕوحی پەڕاگەندەم**

**هەمیشە هەر بۆلای تۆ دێ**

**گوێ لەهەر نەوایەک دەگرم**

**لەهزرمدا سەدای تۆ دێ**

**لەمیحرابی چاوەکانت**

**داوای جوانی لەخودا دەکەم**

**بۆ نوسینەوەی ئەم عیشقە**

**لەفەرهەنگان گەدا دەکەم**

**هێندە ئارەزووی ئازادیم**

**کەشۆڕشێ بەیان ئەکەم**

**من کچی شاری بابانم**

**نەفرەت لە شاوسوڵتان ئەکەم**

**لەگەڵ شیعرا ئاوێتەم و**

**بەو هۆیەوە کە ژیان ئەکەم**

**بە نووسینی ماچە شیعرێک**

بەرامەی ژیانم  جوان کەم

کە گویم نا بە دلی نیشتمانە وە

باسی شە هیدی بۆکردم

کە کویم نابە بە دلی شعرە وە

باسی دلداري بۆکردم

کە کویم نا بە بای پایزە وە

باسی ئاوارە ی بۆکردم

رۆبون هۆتیک

بۆ لە ناوبردنی هە ژاري

شۆرش گیریک وە ک

گیڤارە بۆڕزکاری

هونەرمەندێک

سرودی ئەی رەقیبی

دڵدار

بۆنیشتمان بۆکوردستان

سە رلە نوئ بلێیتەوە

*****

# بیرت ئەکەم

دە پرسیارکە چە ند بیرتە کە م

لە م دوریە چیم بە سە ردێ

بیرکردنێ بیرت ئە کە م

ڕۆحم والە جە ستە م دە ردێ

بیرم عاشقانە نیە

بە ڵکو شاری عاشقانە

ئەوە ی مە عشوقی خۆی نە بێ

لە م ژیانە پە شیمانە

*****

# دابــــڕان

**دەستت لەدەستم بەردا**

**دەستم خستە سەرئەژنۆم**

**فرمێسکی چاوم ڕژا**

**چاوەکانم بوونە "گۆم**

**ئێستەش کەیادت ئەکەم**

**ناخ ئەسوتێ وەکوو شەم**

**ڕیسواو "شاران بەدەر"م**

**کەوتوومە گێژاوی خەم**

❊❊❊❊❊

# ئـــــەویـــــــن

لەوە تی هە م بێ کەسێکم

بێ نیشتمانم عە ودالم

خاکی دلم   وێرانە یە

مە جنونێکی پە شێو حالم

وەک گەریلا بڕوام بەرزە

کە چیای قە ندیل چۆڵ ناکات

دلم تاوە ستانی ترپە ی

بۆ خۆشە ویستیت کۆڵ نادات

کە هە ناسە ت لێم نزیک بێ

بە رامبە ر دنیا دە وە ستم

ترسم نیە لەهیچ کەسێ

تە نیا هە رتۆی خۆشە ویستم

نغرۆم لە دە ریای ئە وینتا

ناوت بۆتە  ناو نیشانم

دووری ونزیکیت وە ک یە کە

وە ک پە روانە لە سوتانم

هە رکە سێ بیخوێنێتە وە

دێڕ بەدێڕی شیعرە کانم

دە زانێ بۆ تۆ  نوسراوە

پاشای دڵم ئە ی سوڵتانم

❊❊❊❊❊

# قەڵەم

من دەزانم هیچ سەرداریٚ
لە ولاتم لیٚم نارٍوانیٚ
ئەوەی هەمە
قەڵەمیٚکی بە ویژدان و
دڵی پڕ ئەوین و جوانی
سەردارانیش
رٍق و قینە و خۆپەرستی و
بیٚ ویژدانی
من مامۆستا ئەو قەڵەمەی
دایە دەستم
وتی بنوس
دەی بنوسە من رٍەگەزیٚکی
سەربەستم
من لەو کاتە فیٚر بوومە.
هەلبژیٚرم ریٚگای قەڵەم
دژ بە زۆرداری و بە ستەم
بانگاوازم بۆ وڵات
درود بۆ شەهیدی قەڵەم

*****

# خۆزگە

خۆزگە شەڕێ بە رپائە بوو
ئاوارە ئە بووی لە شارت
پە ناگە ت ماڵە کە م ئە بوو
ئە مبینی گشت کات ڕوخسارت
تۆببە بە خاوە ن ماڵ
منیش ئە بمە خزمە تکارت
لە خۆرهە ڵات تاخۆرنشین
چاوم ئە برِی لە نیگارت

❊❊❊❊❊

# بۆ ئاپۆ

زامم زامی نیشتمانە

بۆیە دڵم پڕ لەژانە

ئەستەمە خۆری هیوا

بەو شێوازە لە زیندانە

پەیامی پەیڕەودەکرێ

لەو چوار چێوەی نیشتمانە

گەریلا گیان لەسەر دەست

هەر ئامادەی بەرخۆدانە

خەیاڵی خاوە دوژمن

کورد بەردەوام لە تێکۆشانە

لە باشوور هێزی خۆبەخش

لە رۆژئاوا گڕ بارانە

لە رۆژهەڵات سێدارەیان

لە شەقاما بۆ لاوەکانە

ئازادی گەل بەرێوەیە

**دوژمن بۆیە سەرگەردانە**

**لەو رۆژەوە خۆر گیراوە**

**تریفەی ئەستێرە جوانە**

**بڵاوکراوەتەوە لەگۆڤاری ترووسکە ژمارە (١٦٧)**

❊❊❊❊❊

# دابەش

کــوردستانە شیرینەکــەم
بەسەر دوژمن بەش کــراوە
ئەو زوڵمەی لەم گەلە ئەکرێ
لە هیچ کەسێ نە کـــراوە
کـــوا لە وانەی بیرکاری دا
یەک دابەشی چوار کــراوە
ئەم هـــاو کێشـەیە هەڵەیە
بیردۆزێکـــی نـــا تەواوە

✻✻✻✻✻

# خەبـــــات

**سەردەمێکە خەبات گێڕم لەو گەرمیان و کوێستانەدا**

**ئەسپی خەیاڵم تاو ئەدەم لەو شۆڕش و مەیدانەدا**

**خاک پەروەرێکی دڵ بەژان، ئاوارەیەکم لەخاکم**

**هەرباسی نەتەوەی کوردکەم دەکەوم لەو زیندانەدا**

**بەشی کورد نەگبەتی یە و خاک سوتاوو دەربەدەری**

**کەی بێ ماڤی خۆی دەست کەوێ  لەم چەرخ و زەمانەدا**

**بیسوتێنم گشت لاپەڕەی ڕێکەوتنی داگیرکەران**

**ڕایگەیەنم کوردستانم سەربەخۆ لەم جیهانەدا**

✻✻✻✻✻

# ئازیزم بۆ

هەستم بۆتە برووسکەیەک دەبارێنێ شیعرم بەکۆ

بۆهەرسوچێک لێی بڕوانم دێتە پێش چاوم وێنەی تۆ

هێندە پە رۆشی نیگاتم هەناسەشم لێی دێ بۆسۆ

دووریت غەم و ئازارێکە گروتومەتە ئامێزی خۆ

کە چاویشم دەکەمەوە دەنگت خەوە ئازیزم بۆ؟

پارچە هونراوەی شەکەتم بۆڕازی من وادێنە گۆ

* * * * *

# تەمەن

دەریـــــای تەمەن شەپۆل ئەدا

بەرەو مەرگــــم وەکــــو تەمێ

هێندە بە دڵ عاشقت بـــــووم

ڕۆحم بـــۆیە هەر تـــۆی ئەوێ

ئەڵێن کە کەسێکت خۆش ویست

لە کاتـــــی ڕۆح کێشانــــــی دا

فریشتەی گیان کێش کاتـــێ دێ

هەر وەک ئەو خــۆی نیشان ئەدا

ئاواتـــــــی مەرگـــم ئە خوازم

گەر گیان کێش شێوەی لە تـــۆبێ

مەرگیشم لا شیریـــن بـــــووە

دەبـــا ئەو ڕۆژە هەر زوو بـــێ

*****

# عەشقێکی شێت

نیشتیمانی من کـوا مـاوە

تـاتــۆ خەبـاتی بــۆ بکەی

دڵـم نیشتیمانی تــۆیــە

بۆچی ئــاوای لێ ئەکەی

تـاکـو دوێنێ تــــۆ میوانی

شـــاری دڵم بــووی زاڵم

ئەی بۆ ئێستا حـاشائەکەی

هـاوار ئەکـــەم ئەناڵـــم

ناکرێـــت وا بـــە ئـاسانی

بڕۆی خۆت دەرکەی لەدڵم

یان بە جـارێ من و ئەشق

لـە خەیاڵت دەرکەی گوڵم

بادواپێکی عەشقی تەمەن

لە یەک ساتدا بخۆیتەوە

بۆ دوایین جارە پێت ئەڵێم

بـا بـــۆ ژوان بـڕۆینـــەوە

*****

# گوڵە شیعرێ

شعرێکم ورکــی زۆری لــێ گرتووم
وتــی بمبــەرە تــرۆپکی ئـــاسمان
ئەبم بە هاوڕێی مانگ و ئەستێرە
دواجار دێمەوە سەر زەوی دیسان
بمکە ملیوانەی بەرۆکێ کچێ
لەکچانی شەنگال دەرون پڕ لەژان
بیکە هەوێن و دەزوی هەڵبەستت
یاقوتی ئەشکی دایکی شەهیدان
با ئاوێتەم بن هەرچوار ڕەنگەکەی
ئالاو پەرچەمی کورد و کوردستان
سەوز ببەخشێ واتای هەڵبەستت
بــە وڵاتێکی ســەوزو ئـــاوەدان
ڕەنگەسورەکەی هێمای خەبات بێ
بــۆ فیداکاری و بــۆ قوربانی دان
سپی بــم وەکــو سیمبولی ئاشتی
ڕەمزی برایی و هەم پێکەوە ژیان
گلێنەی شێعریش بکە تیشکی خۆر

با  لەگەڵ دەربێت خۆری نیشتمان

هێندە ڕەنــگاڵەو ئــاڵ و واڵا بــم

ببمە بــەهارێک بـۆ ئازادی و ژیان

منیش فرمێسکم سەرەڕێژەی کرد

پێمگوت پێنوسم کوابۆدێتە زمان

مــادام وڵاتی گــڕ و بەفرو خوێن

ئێستاش والەژێرچەکمەی دوژمنان

بەڵێن بێ هەر کات ڕزگاری پشکوت

هــاتە سوێ خۆری دایکی نیشتمان

دەبمە قـەترەیەک لـە پێنوسی شین

بۆت دێمە سەرچۆک بەدڵ و ویژدان

نەک بەهۆنراوە بەچەپکە شێعرێک

دەیگێڕم شادی و شایی و سلۆغان

گوڵە شێعرێکی بەخواستی هەستم

دەکەم بە دەسڕەی سەرچۆپی کێشان

بڵاوکراوەتەوە لەڕۆژنامەی هەواڵ ژمارە٧٦٢

# لەم نیشتمانە

له م نیشتمانه گه وره دا

ته نها عاشقێک و هه ژارێک و

ئازادیخوازێک ئه بینم ....

بۆ ته چرای نێو کێڵگه ی

شعره کانم وخه نده و

خه یاڵ و ئه وینم ....

هه ژارێک کەناگری بۆنان

هیواوخه ندەکانی ده دات

به ڕوی ئازاره کانی ژین ....

ئازادی خواز بانگی ئازادی ئەچڕێ

ڕه نگی  چه خماخەئه دات

و تاریکی ڕێ ئاکا نورین ....

عاشقێکیش کەعه شقه که ی

گرێ داوه به شۆڕشی کوردانەوه ....

ئالودەی خۆشەویتی یه بەخاکی کوردستانەوه ...

شه رته  ته مه ن مه ودابدا

شیعرت بۆبکه م به ڕۆمان ....

**ناوی لێ بێنم شێتە گیان ....**

**خۆشە ویستی من وتۆ**

**خە ندە ی هە ژاران و**

**دە نگی ئازادی خوازانە ....**

**بۆمێژوو دە نوسرێتە وە**

**ئە شق و خە بات**

**بۆرزگاری کوردستانە ....**

**بڵاوکراوەتەوەلەرۆژنامەی هەواڵ ژمارە٧٤٩**

# پەیام

لەم زەمانەکێ وەکومن خاکی خۆیی خۆش ویستوە
ئەشکی سوری شەوانە بۆ شە هیدەکانی ڕشتوە

من لە یادی ڕاپە ڕیندا بەخوێن چاوانم ڕشتوە
ڕاپە ڕینێکی نوێم دەوێ ڕۆحی خۆمم نە ویستوە

لە خاکی دڵی مامە گیان ئاگری نەورۆز ناکرێتەوە
ئیتر بەهارم بۆچیە باشۆڕش هەر نوێ بێتەوە

هەستن لەخەو شەهیدەکان باڕۆح بە بەرتان بێتەوە
سەردەربێنن لەگڵ کۆتان ئۆمێدێک بۆگەل دێتەوە

شەهید ئارامی سەرکردە ڕابەری شۆڕشە کەمانی
شەهیدحەمەڕەشی گەرمیان هێمای گیانی بەرخوردانی

مامە ڕیشەی گرو تینم ترسێنەری دوژمنانم
شێرکۆو خالیدگەرمیانیەکەم حسێن مەنسوری چاوانم

**هاوڕێ یانی پێشمەرگەتان خاک پارێزی قارەمانم**

**ڕێبازی ئێوە بەر نادەن خۆ بەخشانی کوردستانم**

**بۆ ئارامی و گێڕانەوەی شکۆ بۆ گیانی شەهیدان**

**خەبات و ڕاپەرین مەوێ لە دەڤەری لانە ی شێران**

**ئاگری نەورۆز خامۆشبێ لەناو قودسی کوردستانم**

**مەشخەڵی ئاگرم ناوێ لە ناوچە کانی کوێستانم**

**بڵاوکراوەتەوە لەژمارە ٧٤٦هەواڵ نیوز**

# سپاردنی ڕۆح

خۆشەویستم

من کاتەکانی تەمەنم ئەژمێرم

ئەڵێم خوایە

کاتێکت دانابێ لەژینم

لەگەڵ یارم تەنها ساتێک

کەبیبینم

دووای ئەوە ڕۆحم بسپێرم

**چیم لەخۆشی عەشق دەست کەوت**

**وەک بەفری شاخ توایەوە**

**مەلی بەختم کەوتە داوێک**

**سیاچارە گیرسایەوە**

**بەعەشقێ واگیرۆدەبووم**

**ئومێدم لەژین بەرداوە**

**ڕۆحم مەلێکە لەدەوری**

**دێت وئەچێ بەسەماوە**

❊❊❊❊❊

# خۆشەویستم

من کاتە  کانی تە مە نم

بە ترپە ی دڵتە وە ئە بە ستم

بویتە خە ون و خە یاڵ و

هە ونی هە لبە ستم

ئە ی شە پۆلی

دە ریاي عە شقم

مە م سپێرە بە تە نیایي

گوێ بگرە

لە رازوو دە نگم

من وە ک پیشمە رگە یە ک

والە جە نگم

بیشمە رگە ریە کە والە سنور

دە یلێیتە وە

سروودی خوایە

وە تە ن ئاوابکە ی

منیش بۆتۆجی بکە م؟

**خۆپیشاندان**

**لە نێو گشت عاشقانی**

**شار**

**بانگت بکە م هۆ شێتە گیان**

**دە وە رە وە**

**بابە س بێ ئازار**

❊❊❊❊❊

# یاسا

**بە چی یاسا یەک تەلبەندی**

**ڕێگای دڵی خۆتم ئەکەیت**

**نیشتیمانم ڕێگەی تۆیە**

**بۆ بێ ناو نیشانم ئەکەیت**

**تا چەندی تر بۆ خۆت ئەژیت**

**هەتاکو کەی لێم ڕا ئەکەی**

**خۆ بەبێ تۆ سەرگەردانم**

**چیت بۆ بکەم باوەڕ ئەکەی**

**سات یەک ساتەو ڕۆژیش دەڕوا**

**خۆا ئەم زوڵمەت لێ هەڵناگرێ**

**من ڕاهاتوم لەگەڵ تۆبم**

**نە وەک ئێستا خەم دام بگرێ**

**لە مێژەوە لە تۆۆ دورم**

**یادی دوریت ئەکەمەوە**

**لەگەڵ خەمت تێک ئاڵاوم**

**بۆ ساتێک لێی جیانابمەوە**

❊❊❊❊❊

# پەشیـــــــمـــــان نیم

پە شیمان نیم ئەلە و عە شقە ی

کە وا لە نێو دڵمدایە

باکۆت وزنجیریش بکرێم

بە یاسای ئە م کۆمە ڵگایە

تۆلە ڕۆح و هە ست و هۆشمای

عە شقم کانیاوی دونیایە

کڕنۆشم برد بۆئەوینت

ووتیان ئە مە کوفری خوایە

هە روە ک هە لاج لەدارم دەن

لە کاتی ڕۆح کێشانم دا

ئە ڵێم چاوی قیبلە گایە

ئە م هە ست و ئەم هۆنراوە یە م

هە ربۆتۆیە مە جنونە کە م

تۆنازانی گڕی کڵپە ی دە رونمەو

مە شخە ڵی ئازادی تیایە

عە شق و ئازادیم گڕیَ دا

عە شقی مە جنونولە و لەیلایە

ئای عاشقێکیٚ سە رسە ختم

کەنگیٚ عە شق خۆشی تیایە

من عاشقم بە نیشتمان

خاکم لە داگیرکردنایە

مە عشوقە کە م چەندە

دورە

بەڵام لەترپەی دڵمایە

*****

# ئەی وەتەن

**من لە یاد و یاوەریت**

**زۆر بێدارم**

**لەجیاتی تەنها جارێ**

**رۆژی سەت جار**

**بە ئازارم**

**لەهەر شوێنێکت شەڕبێ**

**ئەی وەتەن**

**خوێن لە جەرگم ئەتکێ**

**لە هەموو شتێک**

**بێزارم**

**رەهێڵەی ئەشکم ببینە**

**وەک پڵە هەوری**

**بەهارم**

**کە چوار وەرزە دە ناڵێنم**

**خوێن لە جەستەم**

**دەچۆڕێت و**

**بریندارم**

**بروانە پەرتەوازەییم**

**ئەمرۆ لە کۆبانی و**

**سبەی لە عەفرین و**

**دوای ئەوەش لە ئامێدی**

**بێقەرارم**

**گەر دەپرسن لە ناخم ئەی وەتەن**

**هەمیشە دڵ بە حەسرەتم**

**بۆ لافاوی خوێنی لاوانی وەک**

**رووبارم**

**بۆ سەربەستیت تێدەکۆشم**

**ئەی وەتەن**

**هێشتا هەر دابەش کراوی**

**بەسەر دوژمنانی ئەمرۆ و**

**دۆستەکانی پارم**

**بەیاد کردنەوەت دڵم ئە سووتێت**

**ئەی وەتەن**

**عیشقیشم بۆت ناگۆڕێت**

**هەتاکو هەم تۆی وشەی**

**سەر زارم**

باش دەزانیت داگیر کەرانت

هەوڵ ئەدەن بێ دەنگم بکەن

ئەی وەتەن

زۆرجاریش دەست ئەدە ن لە

ئیش وکارم

بۆ سەربەخۆییت سەرم دائەنێم

ئەی وەتەن

(پەری ) م بۆیە

بۆت ئەکەم شیوەن و

رۆ رۆ و ئەبینی بۆت

پرسە بارم

❊❊❊❊❊

# نائومێدی

له كاتی نائومێدیما به ده نگی به رزپڕبه گه ردوون

هاوارئه كه م خۆشم ئه وێی تادواسنوری بۆیەک بون

من ئەوكه سه م خۆشم دەویَ چاوەڕوانم كه بێیتەوه

گـڕت وەک و خوێنی دڵـم بـەجەستەما ئـەخولێتەوە

شەویی لەیلەتو لقەدری من ئـەوشه وەیـه كه ئەتبینم

تون تون لـەئـامێزت ئـەگرم لـەچاوانت ڕائـەمێنم

ئـەگـەرمردیشم ئـازیزم ئەشهه دووم به نـاوی تۆیه

ده ساڕه حمیَ دوری بەسه شل بوهێزی ئەم ئەژنۆیه

❊❊❊❊❊

# نیشتمان

ئەی نیشتمان واتێ نەگەی کەتۆم لەبیرچۆتەوە

ئەوەی لەناوناخم دایە پێنوس ئەی نوسێتەوە

دڵنیابە ڕۆژێ دادێ کە پەڕن لاوە کان

بەرخی نێر بۆسەربڕینە ووتویانە پێشینان

بالاشەمان لەکۆڵانان بکەوێت بەتاکو کۆ

قوربانی یە خوێنی لاوان بۆئازادی ناوی تۆ

*****

# مەستم

ئەمڕۆ داگیرت گـــردووە خەیاڵ و هۆش و هەستم
چی پیرۆز ترە لەم ڕۆژە کە تـۆ لامی خۆشەویستم
یادگاری یەکی شیرینت ئازیزەکەم بۆ جێ هێشتم
خۆ من لە ئەهلی مەستان نیم بە یادی تۆوە مەستم

❋❋❋❋❋

# کەی دێیتەوە

کاتێ کەناوت دێت

هەرچی زامی کۆن و نوێمە

دەکولێتەوە

گوێم لە زەنگی دەرگا ئەبێ

وا دەزانم زەنگی تۆیە

کە دێیتەوە

وەرە میوانێکی خەونم

پێم بڵێ: ئەژیم و هەر دێمەوە

غەمی فیراقی دووری تۆ

لە کۆڵم نابێتەوە

ئاخ لە شەڕی براکوژی

زامێکە و چاک

نابێتەوە

دە وەرزێک هەڵبژێرە

بۆ هاتنەوەت

**با خۆشیم بۆ**

**بگەڕێتەوە**

**گشت وەرزەکان وەکو یەک وان**

**هەر هەموویان**

**بۆ هاتنەوەت**

**بێوەفان**

**ئای لە زستان**

**بیری دەکەم**

**شەڕە بەفری منالێمان**

**لە بیرم دێ کە پاییز بوو**

**تۆ کۆلارەت هەڵ ئەدا**

**منیش لەگەڵ پەپوولە**

**پاییزە دا**

**گۆرانیم بۆ پاییز دەچڕی**

**ئاخ بۆ پیاسەی ئێوارانی**

**شەقامی مەولەوی و**

**کانی ئاسکان**

**جار جاریش دەهاتی**

**بۆ شانۆ**

**کاتی نمایشی**

**بلوێرەکەی وەیسە شوان**

**دوایش دەگەڕایتەوە**

**بۆلای**

**چاوکاڵەکەی گەڕەکی**

**خۆمان**

**کە هاوین بوو**

**یاریت ئەکرد**

**لە کۆڵان**

**بە دەنگە دەنگ**

**منت لە خەو هەڵئەساند**

**من بەو یادانەوە ماوم**

**دڵ و رۆحم ئەژێتەوە**

**بە شنەی یادگارییەکان**

**لەم رۆژانە بیستم کە**

**تۆ ماوی**

**دیلی شەڕیت و**

**گیراوی**

**شەڕ تەواو بوو**

**براکەم**

**تۆ هەر نەهاتیتەوە**

**چرای هیوام لەدڵ**

**ناکوژێتەوە**

**وا هەست ئەکەم**

**هەر دێیتەوە**

❊❊❊❊❊

# گوڵی ژاکاو

خۆشەویستی کەی ئاوایە

هەموو رۆژێک دەمگرێنی

بە ڕەفتاری شێتانەی خۆت

گوڵی عیشقم ئەوەرێنی

وا بێزار بووم

ئیتر دڵم عیشقی تۆ

ناگرێتە خۆ

بریارم داوە جارێ تر

زمانم بۆت نەیەتە گۆ

بانگت بکات خۆشەویستم

بەتەنها جێم مەهێڵە و مەڕۆ

تەماشاکە چۆن گوڵی ئەوینم

ژاکاوەو بێ ڕەنگەو بێ بۆ

*****

# ئۆخەی

خۆمن هەرگیز مەست نابم بەجامیٚ مەی

من مەست ئەبم بە بۆنی خاک بەناڵەی نەی

کە هاتم زۆر زۆر ژاکاو بووم وانەبووئەی

بووم بە گوڵێک بەسۆزو خۆشەویستی

کەی ڕات ژەنم لەجولآنەی دڵی پڕلەئۆخەی

گوڵی تەمەن لێو هەڵقرچاو

وا ژیاوە بە سۆزی دڵ

پەردەی شەرمم لەسەر لاچوو

خۆم خستە نێو باوەشی

لە ترپەی دڵی بەئاگاهاتم

وتم خەونە لەخەونم دابینیم ئۆخەی

✻✻✻✻✻

# هیوایەک

هەموو تەمەننام ئەوەیە

سینگم مێزی مەی تۆ بوایە

لەگەڵ دەس بردنت بۆپێک

مەمی لە گە ڵ بهاتایە

منیش جار جار بەنازەوە

بزەیەکم بۆت کردایە

دەبووم بە مەلیکی زەمان

بەو هیوایە تا هەتایە

❊❊❊❊❊

# باران

کۆی شیعرەکانم بۆ تۆ

بۆ جوانی تۆم نووسیه وه

وتیان جوانی جوانه

بۆ ناپاکیت بڕوایان نەکرد

وتیان تەنیا خەیاڵی شاعیرانه

بۆ تووڕەبوونت نووسیم

گوتیان بە تووڕە بوونەوه

چەند گرانه

خەمەکانتم کردە مۆم و

دام ئەگیرسان

گوتیان مۆمی سەر گۆڕی

شەهیدانه

گریانم بۆت بوو بە دەریا

گوتیان لەبەر دووری

ئازیزانه

ماچەکانتم کرد بە پەیام

بۆ ئازادی ئەم

# نیشتمانە

**لەشەڕەکان براوە بوویت**

**بەشی منیش هەر دۆڕانە**

**دەپێم بڵێ تۆ بۆ شەڕەکەشت**

**بۆخۆشەویستی  بارانە**

❊❊❊❊❊

# تاجی ئەوین

وه ک پێشمه رگه گیان فیدام

لەنێو عه شقی بێ  کۆتام

په یامی من و پێشمه رگه

ئه وسه رکه وتنه ئه ومه رگه

من پەیام  په یرِه و ئه که م

تاجی زێڕ لەسه رئەکەم

*****

# هەناسەکەم

تۆئەوکە سە ی لەخۆێن هێنە رو خۆێن بەرمای

تۆئەوکەسەی لەخۆش بەختی و

لەئێش وئۆف و کەسەرمای

شازادە کە م تاجی سە رم

تۆدە زانی  داگیرکە ری عە رشی دڵمی

لە م داستانە ی ئەوینەمدا

هە روە کو کڵپە ی ئاگرمی

نوری چاوم تینی گیانم

ئە ی پە یوە ستی ڕۆح ودڵم

ئە وە جە ژنە بە کام ووشە

بنوسم جە ژنەت پیرۆزە

تاقەگوڵم

ووشە کانم پڕلە غەمن

بۆنی بۆسۆی دڵمیان لێ دێ

بۆنی هەناسەی مردن و

مشتێ خۆڵ وگڵمیان لێ دێ

**میوانم بە**

**وە رە توند توند دە ستم بگرە**

**ماچێکی جە ژنە پیرۆزە**

**لەم لێوانەم وە ربگرە**

❊❊❊❊❊

تاڤگەی بەخوری ئەشکی چاوانم وا دەمخنکێنێ

هەردووری یارە ئەژنۆی ئومێدم کەوا دەشکێنێ

هێندەم خۆشدەوێ بەقەد پێوانەی پانتایی گەردون

لەعەشق وئەوین هەر بەردەوامم تا دواییم دێنێ

لەم دابڕانە زۆر زۆر دەترسم تا دوا تەمەن بێ

ئاوازی شیعرم سەمفۆنیای غەمە هەر ڕامدەژێنێ

❊❊❊❊❊

# نوێژی عه شق

ئەگەر نوێـژی عـەشـق بکرێت

من نوێـژی عەشقت بۆ ئەکەم

بـا سنـگت بـەردە نوێـژم بێـت

لەویَ زیکری تۆ ئەکەم

دەست نوێژ دەگـرم بە شـەرابی

کامـەرانـی  سـەر مێـزە کە ت

له هەموو چـرکـە سـاتێـکدا

دڵم بۆت و سۆ ئەکەم

به ڕۆژ سوجـدەت بـۆ دەهێنم

بەشەویش خەتمی عه شقی تۆ

هــەزار شیــعـری  ئـاڵـوو واڵا

بــۆ بـاڵای تــۆ  کۆ ئەکەم

هـەمـوو شـەوێکم یـە ڵـدایـە

من هەر شین و ڕۆ ئەکەم

یەک چرکە لـە من دوور بی

بۆلات هاتو چۆ ئەکەم

تەمەن گەرکو وەفای بێت

**بەهاری ژین نەتۆریێ لێم**

**شـۆڕش بـۆ ئـازادی وعـەشـقتا**

**وەک گوڵ تـان و پۆ ئەکەم**

❊❊❊❊❊

ئەی کوردی مەرد هەستە لەخەو تاکەی بمری لەزیللەتان
بۆچی ئەبێ ژێردەستە بی دواکەوتوبی لە میللەتان

بەفیرۆ چوو خوێنی رۆڵەت لەپێناوی ئازادیا
مردم بەحەسرەتت نەمبیست سەدای خۆشیت شادیا

پەری هە تادواهەناسەی چاوی لە رۆژێکی نوێیە
بۆئەورۆژە پرشکۆیە چەپکێ شیعری جوانی پێیە

*****

# دووری تۆ

لەدووری تۆ ئازیزەکەم  ڕوح لەجەستەم وادەردەچێ
سات بەسات نێڵەی ئاگری بێ تۆیی بەرەو سەردەچێ
کانیاوێکی وشەم بەلاّم پێنوسم کۆڵە لەدووریت
چی بنوسم  وشەو شێعرم بۆ وەسفی بە هەدەر دەچێ

هەمووشەوێ هەستەکانم لەدووری تۆ گێژو وڕن
لەئازاری بێ تۆییدا وشەو هۆنراوەشم سڕن
یادەکانت پشکۆیەکن داگیرساون لەناخمدا
پێمبڵێ کەی بزەیەکت ئەشکی ئەم دوریەم  ئەسڕن

❊❊❊❊❊

# شۆڕشی قەڵەم

قەڵەم تۆ ئەگەر نەیکەی شۆڕشێ

بۆ گەلی کوردم نەیکەی کۆششێ

ملت کەچ بکەی بۆ ستەمکاران

وەری نەگێڕی تەختی زۆرداران

چاو داخەی لەڕوی کاری ستەم کار

نەبیستی ناڵە و شیوەن و هاوار

نەبی بە داڵدە بۆ ماڵ وێرانێ

بۆ خوانی برسی نەبی بە نانێ

نەبی بە گۆچان بۆ دەستی پیرێ

هەڵوێستێ نەبی لای ڕۆشنبیرێ

پێنوس پێم بڵێ بێدەنگی تاکەی؟

ئەبێ شۆڕشێ تازە بەرپاکەی

شۆڕشێک جۆشدا کورەی خەباتێ

ستەم نەهێڵێ لە هیچ وڵاتێ

*****

# تورەیی گەل

وا دەیەتی

لە شەقامەکان

سردووی سۆز بوترێتەوە

کەرنەڤاڵی مۆرکردنی پەنجەکان

یاد بکرێتەوە

لە یادنەچووە کچی شەنگال و گەرمەسێر

ئاهی چیرۆکیان نابڕێتەوە

چیتان کرد بەم نیشتمانە

خاکی دزرا و فرۆشرا و

ناگەڕێتە وە

گەرمۆری کرد پەنجەکانم

یا خوا لە بنا ببڕێتەوە

هاواری هە ژارانتان نە بیست

لە گێژاوا ئە خوولێتە وە

بەسە خۆڵ بە چاو کردن و

دروشمی بریق و باق

وا دەیان ساڵە ئەوترێتەوە

شتی نوێتان هەیە بۆگەل

کەباوەڕی پێ بکرێ

زامی پێ سارێژ بێتەوە

هێشتا زامان نوێیە

زامی شانزەدەی ئۆکتۆبەر

لە کەرکوک وا ئەکولێتەوە

چاوەکانتان نابینایە لە ئاستی

مناڵی پێشمەرگە

چی بە دایکی شەهید دەڵێن

وا لە غەما سۆێی دەبێتەوە

تووڕەیە گەل ئای بەچی

ئاشت دەبێتەوە

هەربە دەوڵەتی کوردیە

**گە ربکرێ سنوورمان**

**بۆ بگەڕێتەوە**

**ئەوسا ڕەشە بای تووڕەیی گەل**

**هیواش دەوەستێتەوە**

**نەفرەت لە بێ دەنگی و**

**شادەماری بێ دەنگیم**

**بەجارێ بابڕێتەوە**

**لەسایەتانا لەشەقاما**

**رۆژانە سەدان سواڵکەر**

**دەپاڕێتەوە**

**سۆزانیش زۆر بووە ل**

**ەدەوری مێزتان**

**ئە ی سوڵتانەکانی**

**بێ خەمی کوردان**

**دیارە کەیفتان بەو**

**دیاردە دێتەوە**

**نە فرەت لە شەرەف و بونتان**

**ئەوە ئێوەن دزی میللەت**

**دڵنیابن ئەو گەلە**

**هۆشیارەدەبێتەوە**

**بایکۆتی دەنگدان دەکات و**

**ناوتان بۆ زبڵدانی مێژوو**

**دەنێرێتەوە**

❊❊❊❊❊

# ســـــنوور

کە مامۆستا وانەی جوگرافیا ئەڵێتەوە

باسی  شا خ و دەشت و دەریا

کەچی باسی سنوری ئەوینمان

بۆجارێکیش ناخاتەسەرنەخشەی دونیا

مامۆستای مێژوو کە وانەی مێژوو ئەڵێتەوە

باسی گشت مێژووەکان ئەکات

کەچی باسی مێژووی عاشق بونمان

بە دێڕیکیش ناخاتە ناو مێژووەکان

کە مامۆستا لە وانەی بیرکاری دا باسی دەکات

دابەش و لێکدان، لێ دەردەکردن وکۆ

من خۆم هەموو کردارەکان دەکەم

هەر یەکسانە بە من و تۆ

کە مامۆستا لە وەرزشدا وانەکەی دەڵێتەوە

من لە ناوڕاستی گۆڕەپاندا دەوەستم

تۆش ڕادەکەی بەهەر چواردەوردا

ناگەی بە خاڵی وەستانی من، بۆ؟

کە مامۆستا وانەی زیندەوەرزانی باس ئەکات

**شەڕمان دەبێ ئەو دەڵێ دڵ لای چەپەو**

**منیش دەڵێم دڵ لە لای یارە**

**ئەو دەڵێ دڵ خوێن بەرو خۆێن هێنەری هەیە**

**من دەڵێم دڵ سۆزو خۆشەویستی هەیە**

**کە مامۆستا باسی نیشتمان ئەکات**

**من دەگریم و دەڵێم کوانێ نیشتمانم؟**

**لەسەرنەخشەی جیهان دیاری بکە**

**خاک و ئاو و شارەکانی کوردستانم**

**کە مامۆستا وانەی ئاین دەڵێتەوە**

**هەموو جارێ بە بیانویەک ئەچمەدەرێ،**

**ڕۆژێ وتی بۆئەم جارە وانەی ئاین**

**تۆ وانەکە ئەڵێیتەوە!**

**لەوانەی یەک نوسیم**

✻✻✻✻✻

# الانفال

ئەلف ئاهو ناڵە و هاوارو گریانە

نونیش ناشتنی ڕۆح وگیانە

فێش فریاکەون کوردینە

نەمانی گەرمیان و کوێستانە

مامۆستا ووتی ئەی هاوار!

هێشتا نەگەشتوینە ئەنفال،

وتم ئەی بۆئەنفال کراین؟

ئەی بۆ ئەنفال کراین ؟

ئەوەی لە پۆلەکەدا بوو

بەچەپڵەو گریانەوە

هاواریان کرد

بیگۆڕن وانەی ئاین

بۆ مرۆڤایەتی ژیان،

*****

# مەســـتی

مەڵێ مەستی، کوا مەستی دڵە جام و مەی
گریەو ناڵینە ئەم ناڵــە نە ک ناڵەی نەی
نموونەی من لە جورئەتدا خۆشەویستی
سەحرای وڵات پێ دەشت و شاخی دەکا تەی
بۆنی پێدەشت و سەرخەوی لانەی ژیان
لە دڵ ئارام،لەناخ و حەزما سەد ئۆخەی

❊❊❊❊❊

# شکۆی ئازادی

لە هەر شۆێنێ پێویست بکات خەبات گێڕان بەبێ وچان
ناوەستن و قەت ناسرەون لاوی خۆێن گەرمی نیشتمان

کوردستانم مۆمی شکۆت هەرچەند کز بێ ناکوژێتەوە
بە تیغی ژەنگاوی دوژمن، گەل لەتۆ جیانابێتەوە

هەولێر دەستی کەرکوک ئەگرێ و پەیام ئەبا لەبۆ حەمرین
بادینان وسلێمانی لەسەنگەردان لەگەڵ عەفرین

دیاربەکرو ئامێدی و وان لەپێناوتا وا گڕ دەگرن
سەردەشت لەگەل هەڵەبجەدا فرمێسکی یەکتری دەسڕن

ئێمە نەوەی ئازادی خواین ئەیسەلمێنین بۆگشت جیهان
گیان ئەبەخشین بۆ ئازادی خاکی بە پیتی کوردستان

**تێبینی / کراوە بە سروود لە لایەن هونەرمەند جاسمی ساز**

# دێوانە

خـەریکە شێتی ئـەم گـرێ بێم و بدەم لەدەرگاکەت

جارێکی تـر بکەومەوە داوی عـەشقی نێونیگاکەت

کـە هاتـم تـەماشام بکە بـەوچاوانەی لێی بێ بەشم

بمناسەوەوە کو جاران بەدڵ غەمگین وبەرگ ڕەشم

مەتـرسە لەچاوی بەدخووهاتـم وەکوسواڵ کـەرێ

ئەڵێم ئاخ ئەم هەژاری یەخوائەم زوڵمەم لێ لابەرێ

نـەڵـێ ی بـڕۆ خوا بت داتێ زۆرم داواکـرد لەخودا

ئـەگـەر بڵێی لێم ببورە ئـاگـرلـە جەستەم بەرئەدا

*****

# عەشقی نیشتمان

من عاشقی بەرخۆدانی چاونەترسانی ڕۆژئاوام

عاشقی سەرمەشقی بوێری پێشی سێدارەی پێشەوام

عاشقی وان وجەزیرەو شەرناخ وکورەی کۆبانیم

عاشقی شەنگال و عەفرینم من عاشقی سلێمانیم

من عاشقی بست بەبستی داروبەندی نیشتمانم

عەشقی پاکی سروشتی کەندولەندی کوردستانم

من عاشقی بیروبڕوای گەلی چەوساوەی باکورم

عاشقی پێشمەرگەی خۆبەخشی گیان لەسە ردەستی باشورم

عاشقی سنەو سابڵاخ و کارامەیی کرماشانم

عاشقی قەڵای هەولێرو خانە قین ولۆرستانم

من عاشقی قەرەداغ و ئاوی شاخی هەورامانم

عاشقی قەڵای کەرکوک و باڵای بەرزی بادینانم

من عاشقی گەرمەسێرو هەوای سازگاری کۆێستانم

عاشقی کاروانی خەباتی جۆش دراوی پارتی زانم

من عاشقی ئەوقەندیلەم چقڵی چاوی دوژمنانە

من عاشقی ئەوڕۆڵەیەم پێشمەرگەیە گەریلایە شەرەڤانە

## لەلایەن جاسمی سازەوە کراوە بەسرود

# پایز

کەپایز دێ خەزانی مەرگ ڕو ئەکاتە نێو ماڵی من

ئەیژاکێنێ چڵ بەچڵی باخی خەون و خەیاڵی من

کەخەزان دێ ئێدی خەفەت مەحرەمەو دەس لەمل ئەکا

خەم کۆڵێکە بەکۆڵمەوە ئەژنۆی شادیم پێ شل ئەکا

چونکەخەزانی تەمەنە مەرگ تەنگی پێم هەڵچنیوە

دابڕانی جگەرگۆشەو باووکێکی خێرنەدیوە

*****

# چوارینەکان

تا دل ژانی شـــیعری نەبێ قەت نایەتە گـۆقەڵەم

هەڵۆی بەرزی خەیاڵی من ئەفڕێ لە ژینی پڕ تەمم

حەزم وایە زۆر بنوسم لە سەر عەشـــق و وڵاتی خۆم

بە ویژدانی ڕەحەتەوە بدوێم لە هەســـت و کەسەرم

........................................................

لەگەڵ شەپۆلی دەریادابوینە هاوڕێ وگرتمان لەنگەر

لەگەڵ چیاعاشق بوین ولەلوتکەداگرتمان سەنگەر

پەیمانمان دا هەتامردن دەبێ وڵات بپارێزین

باخی ئازادی بەخوێنمان تاکوگوڵ بێنێتەبەر

........................................................

لەکوانوی ووشەی جوانی ڕستەدا

پشکۆی یادی تۆ والەم جەستەدا

یادت دەماودەم دڵ دەسوتێنێ

جەفای تۆ والەم ڕۆح و هەستەدا

تەونی شیعرێکم ڕاخستوە برگە برگە بەژانی گەل
کەی دەرکەوێ تیشکی خۆری ئازادی خاکم لەکەل
بێ ووچان هەر دەنوسم تا کۆتایی دێ وشەی ناخم
تا ئەم گەلە ئازاد ئەبێ ئەدالەشەقەی باڵ وەک مەل

..........................................................

تێپەڕی تەمەنی جوانیم وەک وچرکەی سەعاتی دەست
دەڵێم خۆزگە وەکوشێت بام بێ عەقڵ وهۆش وبێ هەست
بەگریان هاتمە دنیاوە لە پێکەنینم بەشم نەبو
بەغەمی ئەم ڕۆژگارەوە ئەژیم مات ومەلول وپەست

.............................................

ئەو گوڵە ڕستەیە مەیشێوێنە
باناسکی خونچە ی ووشە خۆی بنوێنێ
ئەوکێش وسەروایە مەقرتێنە
باگەشە بکات لە شیعردا خۆی ببینێ

**کەشتی ڕۆحم لەدەریای نائارامی لەنگە**

**چاوەکانم لەدووری یار گۆمێ مەنگە**

**هێندە بەحەسرەتم من بۆدیدارێکی یار**

**بەماچێکی سوکنایی نایە ئەم دڵە تەنگە**

...................................

**من لەگەڵ ژانی گەلدام بەژانی گەل ژان ئەکەم**

**بەبینینی هەژارێ هەست بەڕۆح کێشان ئەکەم**

**گوێ بیستی سرودێ بم کە هاواری میلە تێکە**

**جەرگ و دڵم ئەبرژێ ناخ تێکەڵ گریان ئەکەم**

.............................................................

**ووشەکانم لەنێو دێری هۆنراوەم دابەکوڵ ئەگری**

**لە پایزی پڕماتەم دا ڕوندکی بۆگەڵائەسڕی**

**لەماتەمی پڕ لەتەمی ئێوارەیەکی پایزدا**

**بەقەد سەمای درەختەکان گۆرانی بۆپایز ئەچڕی**

ئە ی شەهیدی ڕێی ئازادی بەبەرگی سورت قەسەم

شەهیدبوونت شانازی یە بۆگەلی کورد سەرجەم

مەشخەڵی ئازادی و شۆڕش وڕاپەڕینی

دژی داگیرکەرانی تورک و عەرەب و عەجەم

.................................................

وا بڕیارم دا نوکی خامەم بشکێنم

ئیتر هەستی خۆم بەشیعرێک نەدرکێنم

شیعرەکانم گشت ئەکەمە خۆڵەمێش

لەدوا جێگەی ژواندا بیسوتێنم

...............................................

ئەوکاتەی گوێم لەدەنگتەبێ لام خۆشترین ئاوازە

جەستەم گشتی دێتە لەرزین دڵم لەلێدان لاوازە

گەردەزانی چەند دڵ خۆشم بەیستنی دەنگت

هەرگیز بێ بەشم ناکەی لەوخۆشی هەستە ناوازە

وەرەئازیزم باپەیمانی عەشق تازەکەینەوە

ڕازت لەدڵمە وەرە بابیرلەو ڕازەکەینەوە

عەشقت لەناخماوەک گوڵەنازنازهەمیشەگەشە

لەکێڵگەی ئەوین باتۆوی ئەوگوڵە شازەکەینەوە

..................................................

ئەی ئەوکەسەی وەفای عەشقت بیرچۆتەوە

هەمووکاتێ لەگریانم زامەکانم ئەکولێتەوە

گەردەتەوێ خەمەکانم لەنێو دڵم دەربێنی

باگوڵی خۆشەویستیمان لەنێو چاوت بڕوێتەوە

..............................................

گەلێک گەڕاوم لە شاخ و لەدەش

جوانی سروشتم بینیوە لە گەشت

دیمەنی جوانی دەشتی شارەزوور

لەوێنەی نیە بەوێنەی بەهەشت

**ئاهو هەناسەی منە کەوا ڕوی مانگی گــــرتوە**

**هێنــــدە پێکەوە دواین مانگ خەوی لێکەوتوە**

**گەر مانگی من دەرکەویٚ مانگی ئێوەش دێتەوە**

**هەمووتان نزا بکەن چـــاوم پێی گەش بێتەوە**

.......................................................

**هەمووعومرم لەپێناو یاربەبادەم**

**بەئەوینی مەستی خەیاڵ وبادەم**

**لەسایەی عەشقی دڵێکی پڕلەژان**

**لەشانۆی ژین بەفەخرەوە خۆم بادەم**

................................................

**بە خەیاڵێکەوەئەژیم، هیوای تێدا دیار نیە**

**ئەیهۆنمەوە بەشیعر بۆ ئەم گەلەم ئەم دیاریە**

**دڵسۆز نیە هەر شاعێریٚ ژانی گەلی دیار نەکا**

**هەزار دیوانی هەبیٚ من ئەڵێم خاوەن  ئەشعار نیە**

**چاوی شیعرم بۆحاڵی زارم ئەگری**

**بەخەیاڵ دێم دەستی تەنیایم ئەگری**

**خەمەکانم هەربەشیعرساڕێژە**

**زامی دڵم کەینێ قەتماغەئەگری**

....................................

**ئەگەر بێت وڕۆژێ بەبێ هەواربم**

**جێگام نەبێ کۆچەری بن دەواربم**

**ئەڕۆم بەرەو باخچەو جێگەی ژووانان**

**بەمەیلی تۆ لەنێو مێرگ وگوڵزاربم**

....................................

**شەوی قەدرە شەوێکی پڕلەڕازە**

**بۆعەشق ودڵ هەزاران قەدەرسازە**

**نەبوو چارەی دەردی دڵی بیمارم**

**چی بێچارەم ڕێی قەدەرم هەورازە**

ئەندێشەو غەمی عەشقێکە، بۆ من بوونەتە سەرمایە
کوا لەپایز گوڵ دەپشکوێ، ئەو لە زستانی سەرمایە
ئەوەی هەمە لەم ژیانە، تینی عەشقێکە بۆخاکم
لە نێو دڵما یادەوەری و داستانییێکە لە سەرمایە

...........................................

سەرمایەی عەشق تەنیا خەم وخەیاڵێکە
چرکەی تەمەن کە ئەڕوا ت بەمیلی ساڵێکە
چۆن بەڕێی کەم ئەوتەمەنەی ماوەپێم
ژیانی من بێ بوونی تۆ جەنجاڵێکە

...........................................

لوتکەی چیا هێندە بەرزە ماچی ئاسمانی شین ئەکا
بولبولیش وا بۆ باغی گوڵ دایم هـاوارو شین ئەکا
منیش لەدوریت ئازیزم دەیرِوێنـــم داری مەراق
واخەمەکانت لەدڵـــما گەڵاو گــوڵی شین ئەکا

بە پێکێکی خەیـاڵی تۆ شـەوو ڕوژ

لەگریـانام چـەنێ بێ هۆ شەوو ڕۆژ

چلۆن بێ تۆ بەڕێ کەم ئەم ژیانـە

چ خۆشی بوو بـە ڕۆ ڕۆ بوو شەوو ڕۆژ

..................................................

کە پێنوسم دێتە گۆ دەست ئەکا بەئەسرین ڕژان

ژانـی ژنـێ لەهجرەتـادڵی خەڵکی بێ گڕ بـرژان

پێنوسم لاڵـەو زمـانیش وەک و جاران نایـەتە گۆ

کوا ئەتوانێ وەسف بکات ژانی ژیان وژن وژان

...............................................

وەرزی بەهارە گەڵاوگوڵ وگیا ئەگەشێتە وە

بەفری چیاکان بەگەرمی هەتـاو ئەتاوێتەوە

لەم وەرزەمنیش چاوی ئومێدم پڕە لەخۆزگە

بەبینینی یارغەم ئەڕواوشادی جێی ئەگرێتەوە

**من ویادت لەشێوەی پەپوولە وهەنگین**

**لەباخی یادا لەگەڵ تۆداین  وبێدەنگین**

**دەسورێینە وەبەدەوری گوڵی ژواندا**

**یادەکانمان چەندشیرین بن هەر دڵتەنگین**

.........................................................

**ووشەکانم وەک سازونەی ئاوازی دوریت ئـەچڕن**

**چاوەکانم وەک پۆڕەهەنگ بەرەوشیلەی عەشقت ئەفڕن**

**خۆزگەکانم وەک گوڵەباخ بەئەوینتەوە بۆن خۆشن**

**لێوەکانم بێ لێوی تۆکوا بزەو خەندەدەرئەبڕن**

.......................................................

**خۆشەویستم لە دوری تۆ کە شتی ڕۆحم غەرقی خەمە**

**خۆشی وخە ندە م کۆڕێکە لە گەڵ گریان وماتە مە**

**تۆدەزانی لە بێ تۆیی ئۆقرە و ئارامم لێ بڕاوە**

**چرای خوشیم خامۆشە خەم لە گە ڵم هاودە مە**

بەمن چی بەهارو نەورۆز چی ئەگۆڕێ لەم ژیانەم

جوانی سرووشت چی دەهێنی بۆئەم دەرونەپڕژانەم

کەشەوو ڕۆژم وەک یەکن تەنیا لە تەمەنم ئەڕوا

خۆشی هەرگیزبە میوانی نایەتەوە ئەم دیوانەم

..............................................................

ئە وکاتە ی گوێم لە دە نگتە بێ لام خۆشترین ئاوازە

جە ستە م گشتی دێتە لە رزین دڵم لە لێدان لاوازە

گە ردە زانی چە ند دڵ خۆشم بە بیستی دە نگت

هە رگیز بێ بە شم ناکە ی لە وخۆشی هەستە ناوازە

................................................

بێزاربوومە لەم ژیانە ئازار ناخم ئەخواتەوە

دواسەفەرو دوامەنزڵگام بەرەولاتم ئەباتەوە

دەساخوایە مردنێکی بەبێ ئازار ببەخشەپێم

لەنوێژێکا کاتی سوژدەڕۆحم بسێنەرەوە لێم

ووتم ئه ی یار وه ره دیدارم

باکه م به خه یاڵ مه ست بم

تاکو سحری چاوت ببینم

هەتا حەشر تێکەڵ هەست بم

..................................................

وەره باسات و چرکەکان ڕابگرم تەنهاتاویٚ

له باوەشتا بنوم تاکوو هەڵدیٚ تیشکی هەتاویٚ

با پەردەی شەرم لابەرین تا ئاوێزانی یەک بین

ئه وینی ڕوبارێکه بۆ لات شه پول ئەهاویٚ

..................................................

ئازیزەکەم کەبیٚ دەنگی ووشەکانم ئەبن بەژان

ڕۆئەچنه ناو ناخمەوه ئەبن بەهەنسک و گریان

تاوانی من ئەبیٚ چی بیٚ که تەنیا تۆم خۆشویستوه

هەمو دنیام هەر بۆتۆیه لەوەتی ناوتم بیستوه

ووشەکانم وەک سازونەی ئاوازی دوریت ئـەچڕن

چاوەکانم وەک پۆڕەهەنگ بەرەوشیلەی عەشقت ئەفڕن

خۆزگەکانم وەک گوڵەباخ بەئەوینتەوە بۆن خۆشن

لێوەکانم بێ لێوی تۆکوا بزەو خەندەدەرئەبڕن

......................................................

کە پێنوسم دێتە گۆ دەست ئەکا بەئەسرین ڕژان

ژانی ژنێ لەهجرەتادڵی خەڵکی بێ گڕ بـرژان

پێنوسم لاڵـەو زمانیش وەک و جاران نایەتە گۆ

کوا ئەتوانێ وەسف بکات ژانی ژیان وژن وژان

......................................................

بەمن چی بـەهارو نەورۆز چی ئەگۆڕێ لەم ژیانەم

جوانی سرووشت چی دەهێنی بۆئەم دەرونەپڕژانەم

کەشەوو ڕۆژم وەک یەکن تەنیا لە تەمەنم ئەڕوا

خۆشی هەرگیزبـە میوانـی نـایەتـەوە ئەم دیـوانـەم

بـا بـەگرِی ئـەم نـەورۆزە لابـەیـن ژینی کـۆیـلایـەتـی
بائەم جەژنە تێکەڵ بکەیـن لـەگـەڵ ڕوحی کـوردایـەتـی
نەورۆزپیرۆزبکەین نـرخێ بـۆخـۆێنی شەهیدان دانێین
هەرهەمووەدەست لەناوەدەست کەینبەهەستێکی برایەتی

.................................................................

کێ وەکو من ژانی ئەشقی چەشتوە
لــە پێناو دڵـیاری ئەشکـی ڕشتوە
کێ وەکـو من لـە بەهــاری تەمەنیا
خۆشی و خەندەی لەلێوانی کوشتوە

.................................................................

وەرزی بەهارە گەڵاوگوڵ وگیا ئەگەشێتە وە
بەفری چیاکان بەگەرمی هەتـاو ئەتـاوێتەوە
لەم وەرزەمنیش چاوی ئومێدم پڕە لەخۆزگە
بەبینینی یـارغەم ئەڕواوشادی جێی ئەگرێتەوە

**ئەی شەهیدی ڕێی ئازادی بەورەو نەبەردیت قەسەم**

**شەهید بونت شانازی یە ئەم گەلی کوردە سەرجەم**

**تۆمەشخەڵی ئازادیت و تۆ سومبولی نەبەزینی**

**سەلمانت کەکورد ناترسێ لە تورک و عەرەب و عەجەم**

........................................................

**وەرزی بەهارە گەڵاوگوڵ وگیا ئەگەشێتە وە**

**بەفری چیاکان بەگەرمی هەتاو ئەتاوێتەوە**

**لەم وەرزەمنیش چاوی ئومێدم پڕە لەخۆزگە**

**بەبینینی یارغەم ئەڕواوشادی جێی ئەگرێتەوە**

...................................................

**کێ وەکو من ژانی ئەشقی چەشتوە**

**لە پێناو دڵیاری ئەشکی ڕشتوە**

**کێ وەکو من لە بەهاری تەمەنیا**

**خۆشی و خەندەی لەلێوانی کوشتوە**

کە شەو دادێ ئازیزەکەم بۆتۆ ئەگری چاوەکانم
دڵەی شێتم بۆت ئەناڵێ لە دوریت زۆر پەرێشانم
تۆوی عەشقی زولەیخایە لە دڵی مندا ڕواوە
یوسفیشم نزا ناکا بێتەوە تەمەنی جوانم

..........................................................

چەند دڵ خۆشم بەهاتنت سوک باری باری خەستەمی
هەمیشە لە ڕوانگەی مندا پیرۆزی و شکۆ و قەسەمی
هاتنت لابەری غەمە و ئارامیشە بۆ دەرونم
پزیشکی ڕۆحی شەیدامی مەکۆی ئارامی جەستەمی

..........................................................

وەرە با سات و چرکەکان ڕابگرم تەنها تاوێ
لە باوەشت بنوم تاکوو دەرئەچێ تیشکی هەتاوێ
با پەردەی شەرم لابەرین تا ئاوێزانی یەک بین
ئەوینی من ڕوبارێکە بۆ لات شەپۆل ئەهاوێ

وەرە ئەی گیانی شیرینم بەڕوی خۆرت سەر هەڵبێنە
تۆوی گوڵی ئارامی خۆت لە خاکی دڵما بڕوێنە
لەمێژەوە چاوەڕوانم ئەم پایزەم بێتە بەهار
بە دیدارت خەم و ئەسرین لە ڕوخسارما بتۆرێنە

.......................................................

ئەوکاتەی گوێم لەدەنگت دەبێ لەلام خۆشترین ئاوازە
جەستەم گشتی دێتە لەرزین دڵم لە لێدان لاوازە
گەر دەزانی چەند دڵ خۆشم من بە بیستنی ناوەکەت
هەرگیز بێ بەشت نەکردوم لەو خۆشی هەستە ناوازە

.......................................................

وەرە ئازیزم با پەیمانی عەشق تازە کەینەوە
ڕازت لە دڵمە وەرە با بیر لەو ڕازەکەینەوە
عەشقت لە ناخما وەک گوڵە ناز ناز هەمیشەگەشە
لە کێڵگەی ئەوین با تۆوی ئەو گوڵە شازەکەینەوە

ئـەی ئـەو کـەسەی وەفـای عـەشقت بیـرچـۆتـەوە
هـەموو کـاتێ لـە گریـانم زامـەکـانم ئـەکولێـتەوە
گـەر دەتـەوێ خـەمەکـانم لـەنێـو دڵـم دەربهێنـی
بـاگوڵی خۆشـەویستیمـان لـەنێو چـاوت بڕوێـتەوە

..................................................

گـەلێـک گـەڕاوم لـە شـاخ و لـە دەشـت
جـوانـی سروشـتم بینیـوە لـە گـەشت
دیـمەنی جـوانی دەشتـی شـارەزوور
ڕێـک و لا تـێکە لـە شێـوەی بـەهـەشت

..................................................

کـەشتی ڕۆحـم لـە دەریـای نـا ئـارامی لـەنگـە
چـاوەکـانـم لـە دووری یـار گـۆمێ مـەنگـە
هـێندە بـە حـەسرەتـم مـن بـۆ دیدارێکـی یـار
بـەمـاچێـکی سوکنـایی نـایە ئـەم دڵـە تـەنگـە

مـن لەگــەڵ ژانــی گـەلدام بـەژانی گـەل ژان ئەکەم
بـە بینینـی هـەژاریٚ هـەست بە ڕۆح کێـشان ئـەکەم
گـویٚ بیــستی سرودیٚ بـم کـە هـاواری میلـە تێکـە
جـەرگ و دڵـم ئـەبرژیٚ نــخ تێکـەڵ گریـان ئــەکەم

........................................................

ووشەکانم لـە نێو دێری هۆنراوەم دا بـە کوڵ ئـەگری
لـە پـایزی پڕمـاتـەم دا ڕونـدکی بـۆ گـەڵا ئـەسڕی
لـەمـاتەمی پـڕ لــە تــەمی ئـێوارەیــەکی پــایزدا
بـەقەد سەمای درەختـەکـاذ گـۆرانی بـۆ پـایز ئـەچڕی

..................................................

ئەی شەهیدی ڕێی ئازادی بەبەرگی سورەکەت قەسەم
شەهید بوونت شانازییە بۆ ئەم گەلی کوردە سەرجەم
تـــۆ مەشخەڵی ئـازادیت و تـۆ شۆڕش و ڕاپـەڕینــی
تـــۆ دژی داگیـر کەرانــی تـورک و عـارەب و عـەجــەم

وا بڕیـــــارم دا نـــوکی خـــامـەم بشـکێـنـــــم

ئـیتر هـەستی خـۆم بــە شیعـرێک نــەدرکێــنـم

شــیعرەکـــانم گـشت ئــەکـەمـە خـۆڵــەمـێــش

لـــە دوا جـێگـــەی ژوانـــدا بـیســــوتێنـــــم

.......................................................

ئەی ئەو کەسەی تۆوی عەشقت لە نێو دڵمدا چاندووە

وشەکانم بە جوانی ڕوت بەم دنیایەت ناسانـدووە

کـە دەپرسن شیـعرەکانت بـۆ هێندە نـاسک و جوانن

ئــەڵێم لــە جوانی ڕۆحی ئـەو مەعشوقەم تکاندووە

.......................................................

ئە م شە و لـە گە ڵ وێنە کە تا ئازیز ژوانم بە ستوە

بە ئەندازەی ئە ستێرە کان ماچی جوان جوانم کردوە

هێندە حە سرەتی نیگاتم هەزاران خۆزگە م خواستوە

بۆدەرچونی مانگی نیگات خە تمی قورئـانم کردووە

هەست ئەکەم قیتاری تەمەن بەرەوڕاوەستان ئەچێ
شیرینێکی سەدەی بیستەم بـەرەوگۆڕستان ئـەچێ
دوا وەسێتم بـۆفـەرهـادم کێلی گڵکۆم بنە خشێنێ
کـاتـێ زانـی نـا ئـارامم بـەلای لایە بم خەوێنێ

---------------------------------------------

ئەوکاتەی بوم بەدڵدارو برووسکەی عەشق لەگیانمی دا
خەم وەک مارپاپوکەی بەست وخێراگینگڵی ژیانمی دا
من پێش ئەوەی خۆشم بوێی پێکەنینم ئەهات بەخەم
کەچی ئێستالەشۆێنی تۆلەگەڵ خەمدادەستەو یەخەم

.........................................................

ئازیزەکەم کەبێ دەنگی ووشەکانم ئەبن بەژان
ڕۆئەچنە ناو ناخمەوە ئەبن بە هەنسک و گریان
تـاوانی من ئەبێ چی بێ کەتەنیا تۆم خۆشویستوە
هەمو دنیام هەر بۆتۆیە لـەوەتی ناوتم بیستوە

ئازیزەکەم کەبێ دەنگی ووشەکانم ئەبن بەژان
ڕۆئەچنە ناو ناخمەوە ئەبن بە هەنسک و گریان
تاوانی من ئەبێ چی بێ کەتەنیا تۆم خۆشویستوە
هەمو دنیام هەر بۆتۆیە لەوەتی ناوتم بیستوە

..........................................................

ئەی شەهیدی ڕێی ئازادی بەورەو نەبەردیت قەسەم
شەهید بونت شانازی یە ئەم گەلی کوردە سەرجەم
تۆمەشخەڵی ئازادیت و تۆ سومبولی نەبەزینی
سەلمانت کەکورد ناترسێ لە تورک و عەرەب و عەجەم

.....................................................

ئەی خودا دیاری بکە سەرکردەیەک کورد و دلێر
پەیامی ئازادی بێ و ئاشتی و ژیانی پڕ لە خێر
بۆ گەلی کورد ڕێنەما و نیشاندەرێک بێ بۆ خەبات
قۆڵی هیممەت هەڵبکا و بۆ کاتی شەڕ ئازا و بووێر

لابەرێ تاڵی گەلی دەسکورت و چەوساوە و هەژار
دەشتی ئامانج و خەبات پڕکا لە نەسرین و شلێر
جا #پەری ئاسوودەیە وا لەو دەمە ئێشی نییە
شێعری یەکسانی دەڵێ باسی وڵاتی لانە شێر

..................................................

تا دڵ ژانی شیعری نەبێ قەت نایەتە گۆ قەڵەمم
هەڵۆی بەرزی خەیاڵی من ئەفڕێ لە ژینی پڕ تەمم
ئەم دۆزەخەی ناوی ژینە هەزار خۆزگە بە مردن کا
وەکوو بولبوول لە تاوی گوڵ هەر زاری دێ لە ناو دەمم

..................................................

ئەڵێن پەری ئیتر بەسە باسی وڵات و دولبەرم
ئەڵێم ئاخر کوا ڕەوایە ؟ بیری ناچێ لە ناو سەرم
حەزم وایە زۆر بنووسم لە سەر عەشق و وڵاتی خۆم
بەویژدانی ڕاحەتەوە بدوێم لە هەست و کەسەرم

میللەتی چەوساوە و هەژار بێبەش لە بەرگ و ئاو و نان
ژینی هەژار نیوە مەرگە پڕە لە دەرد و ئێش و ژان
یاسای ژیان وا هاتووە نیوە تێرو نیوە برسی
پارەی وڵات بە فیڕۆ چوو هەمووی ڕۆیی بۆ پەرلەمان

.........................................................

پەپولەی ئارەزوی بەختم لە گوڵزاری بێ نەوادا
فڕی ڕۆیی بە سەر مۆمی تەمەن وا خۆی حەوادا
کە تۆفانی ڕقی عیشقت سەراپا ژیانی تێک دام
بەڵێ داری حەز و تاسەم بەبای ڕق هاتوە بەلادا

.........................................................

یار گوتی نایدەم بەدنیا کەزیە تاڵە و تاڵەکەت
کۆی هەموو ژینم دەبێ یەک ساتە ژینی تاڵەکەت
شەرتە وەک سێبەر ببم سایەی گوڵانت بۆ بکەم
خۆشی کەم ئەم ڕۆژگارەو سەردەمە ڕوتاڵەکەت

بێ سەبوری،هیجرو دووری ، نەینەوازێ کوشتمی

ڕشتەی ئاخم، هاتە ناخم، دڵ بەڕازێ کوشتمـــی

پەی بە ڕازی، کرشەی نازی، نەو بەهارێ دوورە لێم

سوبحە دەمێ، بۆ سەردەمی، دڵەی وازێ کوشتمی

**لەدڵی خەستەم ئازار جەم بوە**

**بەخەمێکی زۆر کەناومەلەکۆڵ**

**هەربە ردەوامم تادواین ووشە**

**بەدەستی لەرزۆک بەپێنوسی کۆڵ**

**گڕی ئازادی لە ناخ و هەستما**

**هەوێنی شیعرەو پێمی نادا کۆڵ**

❊❊❊❊❊

# بۆسلێمانی

ئەی سەرچاوەی شادی دڵم شاری جوانم
گەرچی دوور بم  بە عەشقی تۆ ئاوێزانم

لە م غوربەتە بە عەشقتەوە من سەرمەستم
بە جوانی تۆ و بە یادی تۆ پڕ لە هەستم

تۆ هەمیشە لە خۆێنمای ئەی شارەکە م
بێ یادی تۆ چاو لێک نانێم هەوارەکەم

بیستووتە گەر عاشق سارد بێ لە مەعشوقی؟
پێشمەرگەیە خەبات بۆتە بەسەر مەشقی

بە وشێوەیە عاشقت بوم ئە ی زێدی خۆم
خۆشم ئەوێی خاک و خۆڵت کلدانە  بۆم

*****

# خەبـــــــات

سەردەمێکە خەبات گێڕم لەو گەرمیان و کوێستانەدا

ئەسپی خەیاڵم تاو ئەدەم لەو شۆڕش و مەیدانەدا

خاک پەروەرێکی دڵ بەژان، ئاوارەیەکم لەخاکم

هەرباسی نەتەوەی کوردکەم دەکەوم لەو زیندانەدا

بەشی کورد نەگبەتی یە و خاک سوتاوو دەربەدەری

کەی بێ ماقی خۆی دەست کەوێ لەم چەرخ و زەمانەدا

بیسوتێنم گشت لاپەڕەی ڕێکەوتنی داگیرکەران

ڕایگەیەنم کوردستانم سەربەخۆ لەم جیهانەدا

*****

# بڵێسەی شیعر

پیرۆزی پشکۆی شیعر
لەنێو دێڕی شاعیرانا
وەک تروسکەی شۆڕشێکە
لەدڵی شۆرشگێڕانا
شاعیر هەیە پێشمەرگەیە
لەبەرەی پێشەوەی جەنگا
ئامادەیە بۆ نیشتیمان
ئەچێتەوە بەگژ مەرگا
شاعیر هەیە گەریلایە
گەل فێرئەکانەبێ بێدەنگ
مناڵانیش لە ناو فێرگە
فێرئەکا هەڵگرن تفەنگ
شاعیر هەیە شەڕەڤانە
پەتی سێدارەئەپچڕێنێ
هەربەدەنگی ئەی ڕەقیبی
دڵی دوژمن ئەلەرزێنێ

*****

# دووری

لەدووری تۆ ئازیزەکەم  ڕوح لەجەستەم وادەردەچێ
سات بەسات نێڵەی ئاگری بێ تۆیی بەرەو سەردەچێ
کانیاوێکی وشەم بەڵام پێنوسم کۆڵە لەدووریت
چی بنوسم  وشەو شێعرم بۆ وەسفی بە هەدەر دەچێ

هەمووشەوێ هەستەکانم لەدووری تۆ گێژو وڕن
لەئازاری بێ تۆییدا وشەو هۆنراوەشم سڕن
یادەکانت پشکۆیەکن داگیرساون لەناخمدا
پێمبڵێ کەی بزەیەکت ئەشکی ئەم دوریەم  ئەسڕن

*****

# قەندیل نیشتمانە

لەجوگرافیا قەندیل شاخە

بەس لە لای من نیشتمانە

نیشتمانی گەریلایە

قیبلەی ئازادی خوازانە

نیشتمانێ لێواو لێوە

لەچیرۆکی کوردایەتی

لاپەڕەی دیرۆک شاهێدن

بۆ خەبات ومەردایەتی

نیشتمانێ خاکی سوربێ

بە خوێنی کوڕوکچانی

ئاڵاکەی ئەشەکێتەوە

لەچوارپارچەی کوردستانی

*****

# شیعرێک

شیعرێ نەبێ بەگڕو تین

لەدڵابۆشۆڕش گێڕی

دەبائەوشیعرە هەربمرێ

لەسەرەتاو یەکەم دێڕی

شیعرێ کاریگەری نەبێ

لەناخی ئازادی خوازان

دوای خوێندنەوەی

بێتە درووشمی خۆپیشاندان

هەزار جار ووتنوەی

شیعرنیە وباهەرنەبێ

شیعربۆنیشتمان نەتخاتە شین

نەتبات بەرەوخەباتی چەک

بۆڕا پەڕین

## شیعرنیە

**هەربەزیندوێتی بینێژە**

**لەگۆڕستان شیعرنیە**

**حەزئەکەم شیعرێ بنوسم**

**میوانی هزروو هۆشم بێ**

**ڕۆژی شۆڕش و خۆبەردان**

**ئەوهێمای هەست و جۆشم بێ**

❊❊❊❊❊

# حەز

حەزئەکەم ئێستالەقەراغی شار

بە پۆشاکێکی پەشمەکی خاڵ خاڵ

پیاسەیــە بکەم بــەویستی دڵــم

سەفەرێ بکەم بفڕم بــەبــێ بــاڵ

بڕوانمە سروشت دیمەنی جوانی .

قژم بدەمەدەست شنەی شەماڵ

جا بۆ ئــازادی گــۆرانــی بڵێم

لــەسەرترۆپکی دنیای پڕ خەیاڵ

تــاخۆرئاوا بون چاوم ببڕمە

سروشتی جوانی زەردو شین و ئاڵ

هەربڕۆم بڕۆم هەتا دواوێستگە

بەدوای لاسێکا منی وەک غەزاڵ

ئــەمەوێ ئــەوین بکەمە یــاسا

هەرچەن ئــەزانم گەلێ تاڵە تاڵ

گەرهات ومردم نەمربم نەمر

جێگام ناودڵ بێ نەوەک چۆڵ وچاڵ

لە دوا ساتەکانی تەمەن

کەوا مەرگ چاوەڕێمە

خەمیش بە رۆکم  بەرنادا لە ئەو دونیاش هەر هاوڕێمە

ئەڵێم بە فریشتەی گیان کێش

ڕۆحی سوتاوم مەکێشە

هێشتا زووە بۆ مردنم

گەلیّ کارم وا لە  پێشە

هێشتا لە کاروانی نوسین

هەزارخونچەی شیعرم  پیّ یە

نەمتوانیوە بیان نوسم

لە سەرەتای ئەلف وبیّ یە

مۆڵەت بدە چەندساڵیّ تر

بەڵکو بگەم بەئاواتم

گوڵەباخێک بابرۆێنم

ئەمجا رە بدە نەجاتم

*****

# شنەی عەشق

ئەی ئەوکەسەی خۆشم ئەوێی هەرتۆی هەناسەی ژیانم
عەیامێک بوو چـــــاوەڕوانـــی گوڵی هیوای ئەوەرانم
لە ناکـــــاوا نمـــــــەی سۆزت ڕژان بەسەر ئەوینما
بویتـە سەرچاوەی خۆش بەختی و ئارامی یەک لە ژینما
دەبا ئیتر گـــریانی تۆ چـــــاوم نەکـــــا بە هێلانە
کاتژمێری چـــــاوەڕوانی بەندم نەکـــا لەو زیندانە
تۆی ئەستێرە و مانگ و خۆری شیعری جوان و ئەوینمی
تـــــۆ حـــەکیمی ئێش و ژان و سارێـــژکەری برینمی

*****

# هاوارێکی بێ دەنگ

چرکەی ببینی نیگایەک دەمخاتەوە دەریای ئەوین

بەبیستنی چرپەوسۆزی وەک شۆڕەبی دێمەلەرین

چرکەی یەکەمی عاشق بون بۆئەبەد بیرناچێتەوە

عاشق بون دەردێکی سەختە دەرمانی نادۆزرێتەوە

ئازارەکەی ئەستەمە هەردەم لەڕۆح ومێشکدایە

هەرکەس بەڕاستی عاشق بێ بەرگی غەمی لەبەردایە

خۆزگەکانم زۆرشیرینن سەبوریم بەهیچ کەس نایە

لەوکاتەوەی عاشقی ئەوم هەردەم چاوم لەڕێگایە

شیرینێکم مەعشوقەکەم فەرهادەکەی بێستونە

ئەوەندە شیرینە لەلام بەقەد جوانی ئەم گەردونە

فەرهادەکەم بۆلێم دووری ئەوسنورە کۆتا بێنە

وەرە سەربخە سەرسینگم کۆرپەی دڵم ڕابژێنە

*****

# سوڵتانی دڵ

لەو کاتەوەی لێم بێ ئاگای
من چرکە بۆ مەرگ دەژمێرم
سێبەرە کە شم لێ بووە بە تۆ
هەمیشە ناوی تۆ دێنم

ئەی سوڵتانی ڕۆح و دڵم
هۆگری سۆزی عەشقی تۆم
گەر ئەمجارە گەڕایتەوە
سوجدە بۆ خوای عەشقت دەبەم

من ناتوانم لە یادت کەم
هەمیشە میوانی هەستمی
هەموو وشەم هەر بۆ تۆیە
هەوێنی شیعر و هەڵبەستمی
شعرە کانی دڵ

چەخماخەی هەستێ لێ ئەدا

خونچەشیعرێ ئەپشکوێنێ

شەونمی عەشق، لەسەر پەڕەی

نمە نمە ئەبارێنێ

دەبێتە گوڵزاری شیعر لە وشەی پڕگڕی دڵا

کانیاوی چاوی عاشقێ لەناکاوا ئەتەقێنێ

*****

# ڕاپەڕین

پیرۆز بێ ئەم ڕاپـــەڕینـــــە
شــاری مهابــادو سنـــــــە
ئاســۆی ڕزگاری گــەلێکـــــن
وەک چقڵی چاوی دوژمنــــــە
باڵای شـۆڕشگێڕی ئێـــــوە
شایانی سەد ئـافەرینـــــە
هەی(ئافەریـن خەڵکی سنـــە
ئەم ڕقەتـان هــەر لە کنــــە
بروسکەی ڕۆژهەڵات لێیـــدا
پیرۆزی مرۆی مــەزنـــە
بژی ئاڵای مــەشخەڵی کــورد
ئاڵاکەی هـاتۆتە شنـــــە

❊❊❊❊❊

# بوکی نیشتمان

چەکی شەرەفە لەشانم

وەستاوم دژ دوژمنانم

بۆپاراستنی ئەم خاکە

فیدای ئەکەم دڵ وگیانم

سەرم بەرزە شەرەڤانم

پارێزەری کوردستانم

دەستم بەخوێنم حەنایە

بوکی جوانی نیشتمانم

*****

# قەڵەم

من دە زانم هیچ سە رداریَ

لە ولاتم لێم نارٍوانیَ

ئە وە ی هە مە

قە لە میکی بەویژدان و

دلیَ بر ئە وین و جوانی

سە ردارانیش

رق وقینە وخۆپەرستی و

بی ویژدانی

من مامۆستا ئە وقە ڵە مە ی

دایە دە ستم

وتی بنوس

دەی بنوسە من رٍەگەزێکی

سەربەستم

من لە وکاتە فیربومە.

هە لبژێرم

رێگای قە ڵە م

**دژ بە زۆرداری و. بە ستە م**

**بانگاوازم بۆوڵات و**

**درود بۆ شە هیدی قە ڵە م**

*****

# شۆڕشی قەڵەم

قەڵەم تۆ ئەگەر نەیکەی شۆڕشێ
بۆ گەلی کوردم نەیکەی کۆششێ
ملت کەچ بکەی بۆ ستەمکاران
وەری نەگێڕی تەختی زۆرداران
چاو داخەی لەڕوی کاری ستەم کار
نەبیستی ناڵە و شیوەن و هاوار
نەبی بە داڵدە بۆ ماڵ وێرانێ
بۆ خوانی برسی نەبی بە نانێ
نەبی بە گۆچان بۆ دەستی پیرێ
هەڵوێستێ نەبی لای ڕۆشنبیرێ
پێنوس پێم بڵێ بێدەنگی تاکەی؟
ئەبێ شۆڕشێ تازە بەرپاکەی
شۆڕشێک جۆشدا کورەی خەباتێ
ستەم نەهێڵێ لە هیچ وڵاتێ

*****

لەگەڵ مەوجی دەریادا بوینە هاوڕێ و گرتمان لەنگەر

لەگەڵ شاخا ئاشق بوین لە شیوێکاو گرتمان سەنگەر

پەیمانمان داوە تا ماوین هەر دەبێ بیپارێزین

داری ئازادی بەخوێنمان تاکو گوڵ دێنێتە بەر

*****

# غەم

ئەی غەم کەی  ماڵ ئاوایی

لەرۆح و دڵم

ئەکەی

پێکەنین لە جێگەی خۆت

بە منی سیاچارە

ئەدەی

لە شەوانی درێژی زستان

بە ژووری تەنیایی شیعرم

دەسپێری

تا لە دوا کاتەکانی تەمەن

لە کێڵگەی هۆنراوە دا

پێکەنینێ بەجێبێڵم

گەر جێم بێڵی

❊❊❊❊❊

# پێشمەرگە

گەلێ خـــاوەن پێشمەرگە بێ

مەرگی بە پێش خۆی خستوە

ئـــەوەی هێرشی بـــۆ بێنێ

پەشیمانـــــی بـــەرکەوتوە

گەلێ لە ڕێ ی عەشقی خاکی

ڕوبـــارێک خــــوێنی ڕشتوە

بۆ ئـــازادی گەل و خـــاکی

ڕۆحی خــــۆیشی نەویستوە

گەر چی هێشتا سەدای تەپڵی

ئـــــازادی خـــۆی نە بیستوە

چوار دەوری گـــورکی دڕندەن

بـــۆیە بەو حـــاڵە گەشتوە

*****

# تەمەن

دەریـــــای تەمەن شەپۆل ئەدا

بەرەو مەرگــــم وەکــــو تەمێ

هێندە بە دڵ عاشقت بـــــووم

ڕۆحم بـــۆیە هەر تـــۆی ئەوێ

ئەڵێن کە کەسێکت خۆش ویست

لە کاتــــی ڕۆح کێشانــــــی دا

فریشتەی گیان کێش کاتـــێ دێ

هەر وەک ئەو خــۆی نیشان ئەدا

ئاواتـــــــی مەرگــــم ئە خوازم

گەر گیان کێش شێوەی لە تـــۆبێ

مەرگیشم لا شیریـــن بـــــووە

دەبـــــا ئەو ڕۆژە هەر زوو بـــێ

❊❊❊❊❊

# شعرێکی بێ ناز

زۆر لە مێژە تە نیات کردووم

دڵمت بە خە م سپاردوە

خە ندە ت لە لێوم تۆران و

هیچ هە واڵت نە ناردوە

ئاخر کە ی ئە مە ڕە وایە

بە گڕت دڵم ئەستوێنی

بە هە شتت بە دۆزە خ ئە چێ

هۆش و هەستمت شێواندوە

ئەگە رئە م جارە بێیتە وە

قەت شێوە م ناناسێتە وە

پاڵە وانی شعرو عە شقت

لە خوێنی خۆی گەوزاندوە

ناونیشانی ماڵی ڕۆحم

پایزێکی هە ڵوە ریوە

سیماشم زە ردو غە مگینە

شیعرم لەخۆم تاراندوە

*****

# هەوێنی شیعر

شنەی شەماڵی عەشقی ڕابردووم

بۆتە هەوێنی شیعری دڵداری

بە تیری عەشقی بیماری کردم

جێیهێشت ئەم دڵەم بە برینداری

کەوابوو ئازیز مەپرسە لە دڵ

جێگات کە مابێ لە ئەویندارى

دڵ کە سوتاوە بە چەشنی مۆمێ

پڕە لە خەم و دەرد و بێداری

کوانێ هێز ماوە لە جەستەو گیانم

بۆ هەنگاوێکی تری دیداری

هەست و دڵ مردن ئا بەم ڕۆشتنەت

گەڕانەوەشت ناکا تیماری

*****



# ژیاننامەی شاعیر

**ناو : پەری رحیم ساڵح**

**نازناو : پەری قەرەداغی**

**لەدایک بوی** ١٩٧٤/٣/١١

**دەرچوی هونەرەجوانەکان بەغداد – بەشی شانۆ**

**باری خێزانی : هاوسەرگیری کردوە**

**خێزانی ڕۆژنامەنوس و نوسەر کەمال بەدران ،خاوەنی کچ وکوڕێکم**

**یەکەم شانۆبەشداربوم**

**بلوێرەکەی وەیسە شوان**

---

**لەساڵی** ١٩٨٤/١٩٨٣

**دێڕ دێڕ شیعرم نوسیوە زۆرجار کۆپلە شیعرم ناردووە بۆگۆڤاری بەیان ،،زۆرشیعرم فەوتاون بەهۆی ئەوەی ماڵەوەمان حەزیان نەکردووە توشی کێشەی سیاسی بم لەسەردەمی ڕژێم**

**لەم ساڵانە دا کاروانی شیعریم لەلاپەڕە شاراوەکانم گەیاندە بەردەم خۆێنەر لەفیسوک و تیلگرام و ئەنیستاگرام وگۆڤاری ترووسکە ، ڕۆژنامەی هەواڵ نیوز ، دووشیعریشم.. لەڕۆژنامەی هەولێر بلاوبۆتەوە، لەکتێبی ژن ژیان ئەنوسێتەوە کەپرۆژەی ماڵی کتێب بوو لەپایتەختی کوردستان شیعری ٨١ خانمی کوردستان بوو منیش بەشیعری( نوێژی عەشق )بەشداربوم .**

**دووشیعرم کراوە بەسرود ئاواز و ووتنی جاسمی ساز دووشیعریشم**

**بەگۆرانی ووتنی جێگر خۆشناو**

**سێ کۆڕی شیعریم بەستوە**

**کۆڕێکیان لەشارەزوور شارەکەی حەبیبە ی نالی و دووکۆڕیش لەشاری ڕۆشنبیری سلێمانی**

**چەندین دیدارم لە کەناڵەکاندا لەگەڵدا ساز دراوە**

**بۆهاوسۆزیم لەگەلی کوردمان لەڕۆژئاوا بەشداریم لەڕێ پێوانەکان کردووە ووتەوشیعرم خوێندۆتەوە .. ئەمە یەکەمین بەرهەمە شیعرمە وەکو کتێب .**

❊❊❊❊❊